# دەروازەیەک بۆ دیپلۆماسی

هەڤاڵ نەژاد

**دەروازەیەک بۆ دیپلۆماسی**

هەڤاڵ نەژاد

دیزاینی بەرگ و ناوەوە: لوقمان رەشیدی

چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠١٢

چاپخانە:

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان، لە هەولێر، ژمارە سپاردنی ٧٢٣ی ساڵی ٢٠١٢ی دراوەتێ

# دەروازەیەک بۆ دیپلۆماسی

هەڤاڵ نەژاد

## پێشکەشە بە:

گیانی ژەنەڕاڵ شەریف پاشای خەندان،
یەکەم سیاسەتمەدار و دیپلۆماتی کورد
کە داوای دەوڵەتی سەربەخۆی بۆ کوردستان، کردووە.

## سوپاس و پێزانین بۆ:

هەر کەسێک بە هەرشێوەیەک هاوکاری کردووم بۆ ئەم توێژینەوەیە، ئەگەر بە وشەیەکیش بووبێت.

# پێڕست


| بابەت | پەڕە |
| --- | --- |
| پێشەکی | ١١ |
| باسی یەکەم: ڕەهەندەکانی توێژینەوەکە | ١٥ |
| گرفتی توێژینەوەکە | ١٥ |
| گرنگی توێژینەوەکە | ١٦ |
| ئامانجی توێژینەوەکە | ١٦ |
| هۆکارەکانی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە | ١٦ |
| باسی دووەم: پێناسەکردن و دیاریکردنی چەمکەکان | ١٩ |
| وشەی دیپلۆماسی | ١٩ |
| مێژووی دیپلۆماسی | ٢٠ |
| پێناسەی دیپلۆماسی | ٢١ |
| دیپلۆمات کێیە؟ | ٢٣ |
| پلەکانی دیپلۆماسی | ٢٥ |
| پیشەی دیپلۆماسی | ٢٦ |
| ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتی | ٢٦ |
| پرۆتۆکۆل لە پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان | ٢٧ |
| باسی سێهەم: پێگەی کوردستان لە بواری دیپلۆماسی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان | ٣١ |
| پێش جەنگی جیهانی یەکەم (١٩١٤) تا شۆڕشی ئەیلول (١٩٦١) | ٣٢ |
| شۆڕشی ئەیلول (١٩٦١) تا ڕاپەڕینی ١٩٩١ | ٣٤ |
| لەساڵی١٩٩١ تا فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکوومەتی هەرێم | ٣٦ |
| باسی چوارەم: ڕێککەوتننامەی ڤیەننا بۆ پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان | ٤٣ |
| خاڵە سەرەکییەکانی ئەم ڕێککەوتننامەیە | ٤٤ |
| کارەکانی دەستەی نوێنەرایەتی دیپلۆماسی بەگوێرەی ڕێککەوتننامەی ڤیەننا | ٤٤ |
| حەسانەی دیپلۆماسی و ماف و ئیمتیازاتی دیپلۆماسی | ٤٦ |
| ئەنجام | ٥١ |
| سەرچاوەکان | ٥٥ |
| پاشکۆ | ٥٧ |

# پێشەکی بۆ چاپ

ئـەم کتێبەی بەردەسـتان، توێژینەوەی دەرچوونمە لە کۆلیژی یاسـا و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان- بەشـی یاسـا بۆ خوێندنی ٢٠١١-٢٠١٢، لە زانکۆی جیهان لە هەولێر. توێژینەوەکەم بە ناونیشـانی ( پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان و رێککەوتننامەی ڤییەننا بۆ پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان- ساڵی ١٩٦١) پێشکەشـی بەشـی یاسـا کراوە و دکتۆر کەمال سـەید قادر، سەرپەرشـتی کردووە و، لە لایەن لیژنەی سەرپەرشـتی وتوێژی توێژینەوەکەوە پلەی نایابی پێ دراوە.
بەهـۆی ئـەوەی بە زمانـی کـوردی کەمترین سـەرچاوەمان لەسـەر دیپلۆماسـی هەیە و منیش زیاتر شـارەزاییم لە زمانی کوردیدا هەیە تا زمانەکانـی دیکە، ئـەم توێژینەوەیە بێ کەموکوڕی نییە و بە دڵنیاییەوە کەموکوڕی تێدایە.
هەرچەنـدە نا توانایی مـن لە زمانەکانی دیکە نابنە پاسـاوێکی باش بۆ داپۆشـینی کەموکوڕی توێژینەوەکـەم و بڵاوکردنەوەی لە چوارچێوەی ئەم کتێبەدا، بەڵام بەهۆی ئەوەی سـەرچاوەمان لە ئاسـتی نەبوونە بە زمانی کوردی و کتێبخانەی کوردی لەم بوارە هەژارە. ئەم توێژینەوەیەم

بڵاودەکەمـــەوە وەک دەروازەیـــەک بـــۆ ئاشـــنا بوون بە دیپلۆماســـی و پەیوەندییـــە نێودەوڵەتییەکان. بەهیوام کەلێنێکـــی کتێبخانەی کوردی پڕ بکاتەوە و لانی کەم خوێندکارانی ئەم بەشـــە لە زانکۆکانی کوردســـتان سوودێکی لێ وەرگرن.

هەڤاڵ نەژاد
٢٠١٢

# پێشەکی

پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان یاخود پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان، پێش ئەوەی لقێکی سیاسەت و دەوڵەتداری بێت، زانستێکی ئەمرۆیی و گرنگە و لە زۆرێک لە زانکۆ گرنگەکانی جیهان، لە کۆلیژ و بەشە هەرە لە پێشینەکانە و خوێندکارە خودان توانا و لێهاتووەکان تێیدا دەخوێنن.

لەمڕۆدا، پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان بایەخێکی گرنگ و بەرچاوی هەیە لە زۆربەی وڵاتان. بەتایبەت لەو وڵاتانەی لە ڕووی دیپلۆماسی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانەوە پێگەیەکی بەهێز و کاریگەریان هەیە، یاخود ئەو وڵاتانەی تازە پێگەیشتوون و نیازیان هەیە لە داهاتوودا پێگە و شوێنی خۆیان لە ناوەندە دیپلۆماسییەکانی جیهان و لە ڕووی پەیوەندی نێودەوڵەتییەوە بەهێز بکەن.

هەر بۆیە لەو وڵاتانە، لە زۆرینەی زانکۆ بەناوبانگەکاندا کۆلیژ و بەشی تایبەت بە خوێندنی سیاسەت و پەیوەندی نێودەوڵەتی، دیپلۆماسی، یاسای گشتی نێودەوڵەتی و خوێندنە تایبەتمەندەکانی ئەو بوارە هەن و بەشێوەیەکی زۆر زانستیانە ئەو ئەو زانستە دەخوێنرێت. بەهۆیەوە کادری شارەزا و لێهاتوو پێ دەگەیەنن و دەبنە نوێنەری

بەرژەوەندییەکانی وڵاتەکەیان لە وڵاتانی دیکە و بۆ پێشکەوتنی زیاتری وڵاتەکەیـان و بەهێزترکردنـی پێگەی وڵاتەکەیان لە ڕووی سیاسـەتی نێوەدەوڵەتییەوە تێ دەکۆشن.
هەرچی سەبارەت بە باشووری کوردستانە،پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان، لای ئێمـە زیاتـر وەک هــەواڵ و ریپۆرتاژ، لە میدیاکانــەوە دەبینرێن و دەبیسـرێن و دەخوێنرێنەوە. یاخود وەک باس و خواسـێکی رۆژانەی ئاسـایی نێوان تاکەکانـی کۆمەڵگە ئاماژەیان پـێ دەکرێت. کەمتر وەک بابەتێکی زانسـتی و یاسایی لێکدانەوە و شرۆڤەی بۆ کراوە. تەنانەت لە راگەیاندنەکانیش لە چوارچێوەیەکی هەواڵی بەولاوە زیاتر باسـی رووە یاساییەکەی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان نەکراوە.
لە زانکۆکانی کوردسـتان، تا ئەم سـاتەش گرنگییەکی ئەوتۆ بەو بەشە ( پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان) نەدراوە و وەک پێویسـت کاری لەسـەر نەکراوە. تەنانەت لەو بوارە زانستییەدا رەنگە کەمترین کادری پسۆرمان هەبێت، هەر بۆیە کەمترین سەرچاوەمان لەسەر ئەم بابەتە هەیە.
ئـەوەی هانـی منی دا کە توێژینـەوەی دەرچوونی زانکۆم لەسـەر ئەم پرسـە بێت، بە پلەی یەکەم ئەوەبوو کە کەمترین کار لەسەر پەیوەندییە دیپلۆماسـییەکان کراوە لە ڕووی زانسـتییەوە و لەو بارەیەوە بە زمانی کوردی هیچ سەرچاوەیەکی زانستیم دەستنەکەوت. ئەوەی هەبوو شتی سـەرەتایی بوون لەم بوارە و بەشـێوەی یاداشـت و بابەتی مێژوویی بوون. ئەمەش گەورەترین کێشەی ئەم توێژینەوەیەی من بوو، کە ڕەنگە سەرەکیترین کەم و کوڕی توێژینەوەکەشم بێ.
پلەی دووەمیش وەک پاڵنەرێک بۆ ئەم توێژینەوەیە، دەمەوێ ئەمە ببێتە سەرەتایەک بۆ کارکردنی من لە یاسای گشتی نێودەوڵەتی و پەیوەندییە دیپلۆماسـییەکان و هەوڵ دەدەم لە داهاتوودا خوێندنی باڵا لەم بوارەدا بخوێنم و بتوانم بە زیاتر و بە زانستیانەتر و ئەکادیمیانەتر لەم بوارەدا بە زمانی کوردی بنووسـم و خزمەتـی خوێندکاری کورد و کتێبخانەی کوردی بکەم.

# پلانی توێژینەوە

توێژینەوەکە، توێژینەوەیەکی تیۆری یاسایی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە. وەک بەشـێک لە پێویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس، پێشکەشی سەرۆکایەتی بەشی یاسا کراوە.

**باسی یەکەم: ڕەهەندەکانی توێژینەوەکە:**

**یەکەم: گرفتی توێژینەوەکە:**

پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان، لای ئێمە زیاتر وەک هەواڵ و ڕیپۆرتاژ، لە میدیاکانەوە دەبینرێن و دەبیسرێن و دەخوێنرێنەوە. یاخود وەک باس و خواسێکی ڕۆژانەی ئاسایی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگە ئاماژەیان پێ دەکرێت. کەمتر وەک بابەتێکی زانستی و یاسایی لێکدانەوە و شرۆڤەی بۆ کراوە. تەنانەت لە ڕاگەیاندنەکانیش لە چوارچێوەیەکی هەواڵی بەولاوە زیاتر باسی رووە یاساییەکەی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان نەکراوە.

لە زانکۆکانی کوردستان، تا ئەم ساتەش گرنگییەکی ئەوتۆ بەو بەشە (پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان) نەدراوە و وەک پێویست کاری لەسەر نەکراوە. تەنانەت لەو بوارە زانستییەدا ڕەنگە کەمترین کادری پسۆرمان

هەبێت، هەر بۆیە کەمترین سەرچاوەمان لەسەر ئەم بابەتە هەیە. نەبوونی سەرچاوە بە زمانی کوردی بۆ ئەم توێژینەوەیە سەرەکیترین کێشەبوو کە دەتوانین بڵێین سەرچاوەی کوردی لە ئاستی نەبوون بوو!

**دووەم: گرنگی توێژینەوەکە:**

ڕێککەوتننامــەی ڤییەننا[١] بۆ پەیوەندییە دیپلۆماسـییەکان سـاڵی ١٩٦١، سەرچاوەیەکی گرنگی نێودەوڵەتی یاسایی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانە، ئێســتاش وڵاتانی جیهان بەگوێـرەی ئەم ڕێککەوتنامەیە هەڵسـوکەوت دەکەن و پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانیان لە ڕێگەی ئەم ڕێککەوتننامەیەوە جێ بەجێ دەکەن.

لە ئێستادا پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی کوردستان، لەچاو ڕابردوودا لە ئاســتێکی باشتردایە و گەشــەی بەخۆیەوە بینیوە. هەروەها کوردستان لە ئێســتادا هەنگاو دەنێت بەرەو ســەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردســتان. زۆر گرنگــە ئێمــە زانیاریمــان هەبێت لەســەر پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و ڕێککەوتننامە پەیوەندیدارەکانی تایبەت بە پەیوەندییە دیپلۆماسـییەکان، بەتایبــەت ڕێککەوتننامەیەکــی وەک ڕێککەوتننامــەی ڤییەننــا بــۆ پەیوەندییە دیپلۆماسـییەکان سـاڵی ١٩٦١، کــە پەیوەندییە دیپلۆماســییەکانی نێوان وڵاتــان ڕێک دەخات و چوارچێوەو شــێوازی کاری باڵوێزخانە و کونسوڵگەرییەکان دیاری دەکات.

**سێهەم: ئامانجی توێژینەوەکە:**

١. ناساندنی پەیوەندییە نێو دەوڵەتییەکان.
٢. ڕێککەوتننامەی ڤییەننا بۆ پەیوەندییە دیپلۆماسـییەکان سـاڵی ١٩٦١، بەشێوەیەکی چڕ.
٣. حەســانەی یاسایی بۆ کەســانی دیپلۆمات و کارمەندانی نوێنەرایەتی وڵاتان چییە؟
٤. پێگەی حکوومەتی هەرێم و نوێنەرایتییەکانی لە ئاستی نێودەوڵەتی.

**چوارەم: هۆکارەکانی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە:**

١. پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، بابەتێکی گرنگ و پڕ بایەخە، لە ئێستادا هەم لە ڕووی سیاسییە پرسێکی گرنگی نێودەوڵەتییە، هەمیش لە ڕووی

زانســتییەوە لە زانســتگا و پەیمانگاکاندا بایەخێکــی گرنگی پێ دەدرێ. بەشــی پەیوەندییــە نێودەوڵەتییــەکان، یەکێکە لە بــەش و کۆلیژە هەرە گرنگەکانی زانکۆکانی جیهان. کە تێیدا ئەو کەســانە  دەخوێنن کە دواتر سەرکردایەتی کۆمەڵگەکانی خۆیان دەکەن.

٢. ئــەم بابەتــە (پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان) لە کوردســتاندا بایەخێکی کەمــی پێ دراوە و لە چوارچێوەیەکی ئاســاییدا مامەڵەی لەگەڵ کراوە، نەک وەک زانســت و پرســێکی گرنگی ئەمرۆی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی. دەمەوێ لە ڕێگەی ئەم توێژینەوەیەوە تیشــکێک بخەمە سەر ئەم بابەتە زیندووەی ڕۆژ.

٣. دەمەوێ ڕێککەوتننامەی ڤییەننای ١٩٦١ بۆ پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان شــی بکەمەوە و کارەکانــی کونســوڵخانە و باڵوێزخانــەکان، هەروەها ماف و حەســانەی کەســانی دیپلۆمات، بە گوێرەی ئەم ڕێککەوتننامەیە بخەمەڕوو.

---

١. ڤییەننا، ڤییەنا، ڤیەنا، ڤیەن، بەکاردێن لە زمانی کوردیدا و هێشــتا یەکلایی نەبۆتەوە کامەیــان راســتە. مــن ڤییەننام دانــاوە، پێموایە لە کاتــی وتندا بەو شــێوەیەو وا دێتە بەرگوێ!

# باسی دووەم: پێناسەکردن و دیاریکردنی چەمکەکان

**یەکەم: وشەی دیپلۆماسی**

زاراوە یاخود وشەی دیپلۆماسی لە بنەڕەتدا یۆنانییە و لە وشەی (Diploma) وەرگیراوە. واتە بەڵگەنامەی فەرمی یاخود نووسراوی فەرمی. شیشرۆن ( ١٠٦- ٤٣ پ.ز) لەبارەی وشەی دیپلۆماسیەوە دەڵێت: وشەی دیپلۆما بەو بەڵگەنامە فەرمییە دەگوترێ، کە دەدرا بەو کەسانەی دەهاتنە وڵاتی رۆمانەوە یاخود پێیدا تێ دەپەڕین و بەشێوەیەکی تایبەتی چاوەدێری و پاسەوانی دەکران. (١)

پاشان ئەم وشەیە گوازرایەوە بۆ وڵاتانی ئەوروپی و سەرجەم وڵاتانی جیهان، لە ناویشیاندا کوردستان. ئیستا وشەی دیپلۆماسی بۆ پەیوەندی فەرمی سیاسی و ئابووری و لایەنی دیکە، لە نێوان وڵاتان بەکاردێت.

دیپلۆماسی لە لاتیندا بە مانای بەڵگەنامەی فەرمی، یا نووسراوێک کە سیفەتی نێردە (دیپلۆمات) و کارەکانی دیاری دەکرد. ئەمە بە مانای ئەوەی دەگەیاند کە پێویستە بە رێزەوە پێشوازی لە نێردە بکرێت و میوانداررییەکی شکۆمەندانە بکرێت. هەروەها پاراستنی لە کاتی تێپەڕین و بە ناوچە جیاوازەکاندا. ئەم بەڵگەنامەیە لەسەر پارچەیەک ئاسن

دەنووسرا و پێی دەگوترا ( دیپلۆما).

**دووەم: مێژووی دیپلۆماسی**

لە رابردوو بەزۆری پەنا نەدەبرایە بەر رێگەی دانوستاندن لە چارەسەری کێشەکاندا و کەڵکی لێ وەرنەدەگیرا، بەڵکو بەشێوەیەکی گشتی رێگەچارەی شەڕ هەڵدەبژێردرا بۆ یەکلایی کردنەوەی کێشە و ململانێ نێودەوڵەتییەکان.

تەنها رۆمانییە کۆنەکان نەبێ، کە کەڵکیان لە کاری دیپلۆماسی وەردەگرت، واتە ناردنی نوێنەر بۆ وڵاتان، ئەویش تەنها بۆ کۆمەڵێک مەبەستی تایبەت. دواتر بەهۆی بارودۆخی نێودەوڵەتی و پێداویستی دەوڵەتەکان بۆ کاری نوێنەرایەتی و دیپلۆماسی و پەیوەندی نێوان وڵاتەکان، وایکرد کە هەندێک وڵات ناچاربن نوێنەری هەمیشەیی دابنێن لە وڵاتێکی دیکە. ئەمەش بووە هۆی سەرهەڵدانی ئەو دەزگایەی لە ئێستادا پێی دەڵێن باڵوێزخانە.

بەگوێرەی مێژوونووسانیش باڵوێزخانە بۆ یەکەمجار لە وڵاتی ئیتاڵیا سەری هەڵدا لە سەدەی سێزدە و چواردەی زایینی. کە لەو سەردەمەدا بۆ کاری سیخوڕی و شوێنی سیخوڕەکان و پاشان بۆ کاری دیپلۆماسی و نوێنەرایەتی بەکار دەهاتن.

هەندێک لە مێژوونووسانیش لەسەر ئەو باوەڕەن کە کاردیناڵی فەرەنسی بۆ یەکەمجار سیستەمی نوێنەرایەتی و دیپلۆماسی دامەزراندووە لە سەدەی حەڤدەی زایینی. هەندێکیش لەسەر ئەو باوەڕەن کە نوێنەرایەتی دیپلۆماسی بۆ ئەو سەردەمە کارێکی پێویست و زەرووری نەبووە، ئەویش بەهۆی ئەوەی لەو سەردەمەدا کاروبارەکان بە شێوەیەکی ئاسان و ئاسایی بەرێوەچوون و ئاڵوگۆڕەکانیش بەهەمانشێوە سادە و ساکار بوون.

لەگەڵ ئەوەشدا پەیوەندی دیپلۆماسی بە شێوەیەکی پێشکەوتووانە لەو کاتەوە سەری هەڵداوە کە بەرژەوەندی نێودەوڵەتی دەوڵەتەکان درووست بووە و، دەوڵەتەکان ناچاربوون پەیوەندییەکی دۆستانە لە نێوان خۆیان بنیات بنێن، یاخود ناکۆکی و ناتەبایی نێوانیان وایکردووە کە ناچار بن پەیوەندی دیپلۆماسیان هەبێ و بۆ دانووستاندن و پاراستنی

بەرژەوەندییەکانی خۆیان.

**سێهەم: پێناسەی دیپلۆماسی**

دیپلۆماسی چەندین پێناسەی جیاواز و جۆراوجۆری بۆ دارێژراوە، هەر لــە کۆنەوە بە گوێرەی بارودۆخی تایبەتی کۆمەڵگە جۆراو جۆرەکان و رادەی تێگەیشــتنیان لە پەیوەندیی نێودەوڵەتی و دیپلۆماسی، پێناسەیان بۆ دیپلۆماسی داناوە. هەروەها بە درێژایی ئەو ماوەیەی کە دیپلۆماسی ناســراوە تا ئەمڕۆ پێناســەکان لــە نوێبوونەوەدابوون و لە ئێســتادا لە چوارچێوەی یاســای گشــتی نێودەوڵەتی پێناســە دەکرێت. ســادەترین پێناســە بۆ دیپلۆماســی بە بڕوای من  بریتییە؛ لە هونەری نوێنەرایەتی کردنــی بەرژوەندییەکانــی وڵات لە دەرەوە، لە رێگەی دانووســتاندن و واژووکردنی پەیماننامە و رێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان، لە چوارچێوەی یاسای گشتی نێودەوڵەتی.

وەک ئامــاژەم پێکــرد کە پێناســەی جۆراوجۆر بۆدیپلۆماســی کراوە و دەکرێن، لێرەدا هەوڵ دەدەم چەند نموونەیەک لەو پێناسە جۆراو جۆرانە بهێنمــەوە، پاشــان دەتوانین لە بەرئەنجامی ئەم پێناســانە پێناســەیەکی تەواو و باشتر بخیەنە بەردەست.

- هیندییەکان پێش زێدەتر لە هەزار ساڵ گوتوویانە «زاڵ بوونە بەسەر هاندان و ورووژاندنی جەنگ و دڵنیابوون لە ئاشتی نێوان میللەتان»

- ئێرنســت ســاتۆ دەڵێت: دیپلۆماســی بریتییە بەکارهێنانــی زیرەکی و لێهاتوویــی لــە بەڕێوەبردنی پەیوەنــدی فەرمی نێــوان حکومەتەکان و دەوڵەتە سەربەخۆکان. (٢)

- شارل کالڤۆ دەڵێت: دیپلۆماسی زانستی ئەو پەیوەندییەیە کە لە نێوان وڵاتــە جیاوازەکانە، کە لەســەر بنەمای بەرژەوەنــدی هاوبەش بەرهەم هاتووە. هەروەها دیاریکراوە لەســەر بنەمای یاسای گشتی نێودەوڵەتی و پەیماننامە و رێککەوتننامەکان.

- چــارڵ دی مارتینس دەڵێت: دیپلۆماســی زانســتی پەیوەندی دەرەکی و کاروبــاری دەرکی وڵاتانە، بەمانایەکــی تایبەتیش بریتییە لە هونەری دانوستاندن.

- فۆدیریەش دەڵێت: دیپلۆماسی بریتییە لە هونەری نوێنەرایەتی کردنی

دەسەڵات و بەرژەوەندی وڵات لە وڵاتێکی بیانی. هەروەها کارکردنە بۆ ئەوەی ڕێز و پێگەی نیشتمان لە دەرەوە بپارێزرێت و مەترسی نەکەوێتە سەر. هەروەها بەڕێوبردنی کاروبارە نێودەوڵەتییەکان و یەکخستنیان و چاودێری دانووستاندنی سیاسییە بە گوێرەی ڕاسپاردەی حکومەت.

- ئەنتۆلولیتز دەڵێت: دیپلۆماسی بریتییە لە کۆمەڵێک زانیار(مەعریفە) و هونەر، کە پێویستن لە پێناوی هێنانە ئارای پەیوەندی دەرەکی نێوان دەوڵەتەکان بە شێوەیەکی ڕاست و درووست.

- هارۆڵد نیکسۆن بەم شێوەیە پێناسەی دەکات: دیپلۆماسی ڕێنمایەکە بۆ پەیوەندی نێودەوڵەتی لە ڕێگەی دانوستاندنەوە. هەروەها شێوازێکە باڵوێز و نێردە و نوێنەرەکان پێڕەوی لێ دەکەن، هەروەها کاری کەسی دیپلۆماتە بە هونەر و لێهاتوویی خۆی.

- هێنری کێسینجەر، کۆنە وەزیری دەرەوەی ئەمریکا کە لە سەردەمی ئەودا وەزارەتەکەی خیانەتی لە کورد کرد دەڵێت: دیپلۆماسی چارەسەرکردنی کێشەکانە لە ڕێگەی دانوستاندنەوە.

¬- جۆرج کینان زۆر بەسادەیی دەڵێت: دیپلۆماسی پرۆسەی پەیوەندی نێوان حکوتەکانە.

- فلیپ کاییە دەڵێت: دیپلۆماسی ڕێگەیەکە بۆ چاودێری کردنی بارودۆخی نێودەوڵەتی لە ڕێگەی کەسێک لە کەسانی یاسای نێودەوڵەتی، بە مەبەستی ڕەخساندنی پەیوەندی و کاروباری دەرەوە بە شێوەیەکی باش، ئەویش لە ڕێگەیەکی ئاشتیانە، بەتایبەتی لە ڕێگەی دانوستاندن.

- دکتۆر عەلی حسێن شامی بەم شێوەیە پێناسەی دەکات: دیپلۆماسی زانست و هونەری بەڕێوەبردنی پەیوەندی نێوان کەسانی نێودەوڵەتییە (الاشخاص الدولیین)، هەروەها پیشەی نوێنەرانی دیپلۆماسییە و ئەرکێکە دیپلۆماتەکان جێبەجێی دەکەن. هەروەها مەیدانی ئەم ئەرکە پەیوەندی دەرەکی نێوان دەوڵەتەکان و میللەتانە.

- دکتۆر سموحی فەوقولعادە لە کتێبی ( الدبلوماسیە و البروتوکول) بەم شێوەیە پێناسەی دیپلۆماسی دەکات: دیپلۆماسی هونەری نونێەراتیکردنی حکومەت و چاودێری کردنی بەرژەوەندییەکانی نیشتمانە لە لە وڵاتانی بیانی. ڕێگەیەکە بۆ دڵنیابوون لەوەی کە ماف و ڕێز و بەرژەوەندی وڵات

لە دەرەوە پارێزراوە. هەروەها بەڕێوەبردنی کاروباری نێودەوڵەتییە لە ڕێگەی دانووســتاندنی سیاسییەوە و هەوڵدانە بۆ جێبەجێ کردنی یاسا لە پەیوەندی نێودەوڵەتی، بەگوێرەی بنەمای هاوکاری نێوان گەلان.[٣]

- بەهــرۆز گەلاڵــی لــە کتێبــی دیپلۆمــات و دیلپۆماســی بــەم جــۆرە پێناســەی دەکات: دیپلۆماســی زانســت و هونــەری ئیدارەکردنــی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە لە نێوان وڵاتان بە جۆرەها هۆ و وەسیلەی ئاشــتیخوازانە، هەروەها هەڵســوکەوتکردن و گفتوگۆ کردنیشــە لەگەڵ خەڵکانی تر، دیپلۆماسی بنەما و ڕێسا و ئەساسیاتی تایبەتی خۆی هەیە و بە بەردەوامیش بە پێی گۆڕانی کۆمەڵگە و پێویستییەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە گەشەکردندایە و بەرە و پێشەوەش هەنگاو دەنێت.[٤]

دەتوانیــن بەگوێــرەی بارودۆخــی نوێــی نێودەوڵەتی و دیپلۆماســی لە ئیســتادا پێناســەیەکی نوێتر لەو پێناسانەی ســەرەوە بکەین و بڵێین: بە بڕوای ئێمە، کاری دیپلۆماســی بریتییە لە کۆمەڵێک ڕێســا و ڕێوشوێن و مەراســیم و کاری دەزگایی، بە دانپێدانانی نێودەوڵەتی، کە پەیوەندی نێــوان وڵاتــان و ڕێکخــراوە نێودەوڵەتییەکانــی پــێ ڕێــک دەخرێ، بە مەبەســتی بەرژەوەنــدی بــاڵای سیاســی و ئابــووری و نەتەوەیــی و سیاســەتی گشتی وڵاتان. هەروەها گەیشــتن بە بەرژەوەندی هاوبەشی نێودەوڵەتی بەهۆی پەیوەندی و دانانی باڵوێزخانە و کونسوڵخانە و هاتن و چوون و دانوستاندنی سیاسی و بەستنی ڕێککەوتننامە و پەیماننامەی نێودەوڵەتی.[٥]

بێگومان دیپلۆماســی یەکێکە لە هۆکارە ســەرەکییەکانی بەجێ گەیاندنی ئامانجەکانــی سیاســەتی دەرەکــی و ناوخۆیــی، بەهــۆی کارلێکــردن لەســەر دەوڵەتان و ناوەندە جیهانییەکان، بە مەبەســتی وەدەســتهێنانی دۆســتایەتی پشتیوانیان بۆ وڵات. هەروەها بەستنی پەیوەندی لە گەڵیان بۆ بەرژوەندی ئابووری و سیاسی بۆ وڵات.

**چوارەم: دیپلۆمات کێیە؟**

ڕەنگە کەسی دیپلۆمات جۆرەها پێناسەی بۆ کرابێ و هەر نووسەرێکی تایبەتمەند بەو بوارە پێناســەی تایبەتی خۆی بۆ دیپلۆمات هەبێ. لێرەدا ئێمە بەم شــێوەیە پێناســەی دەکەین: دیپلۆمات کەسێکی هەڵبژێردراوە

لــە لایــەن وڵاتەکەیەوە بۆ ئەنجامدانی ئەرکێکی دیپلۆماســی لە وڵاتێکی تــر یاخود لە ڕێکخــراوە نێودەوڵەتییــەکان. کاری ســەرەکی دیپلۆمات نوێنەرایەتی کردنی وڵاتەکەیی و پارێزوانی کردنە لە بەرژەوەندییەکانی وڵاتەکــەی. هەروەها کۆکردنەوە و بەرزکردنەوەی ئاســتی زانیاریی و پەیوەندی دۆستانەیە.

بەگوێرەی مادەی یەکەمی ڕێککەوتننامەی ڤییەننای ١٩٦١ بۆ پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان، لەم خاڵانەدا ئاماژە بە کەسی دیپلۆمات دەکات:

٤. دەســتەواژەی (ئەندامانــی دەســتەی دیپلۆماســی) ئــەو ئەندامانەی دەستەی نوێنەرایەتی دەگرێتەوە کە سیفەتی دیپلۆماسیان هەیە.

٥. دەســتەواژەی (نوێنەری دیپلۆماســی) ســەرۆکی نوێنەرایەتی و هەر ئەندامێکی دەستەی دیپلۆماسی دەگرێتەوە.[٦]

بــەو پێیــەی دیپلۆمات نوێنــەری وڵاتەکــەی خۆیەتی و هەمــوو کار و کردەوەکانی لەســەر وڵاتــەی هەژمار دەکرێ، دەبــێ کۆمەڵێک مەرجی تێدا هەبن کە بەگوێرەی دابی نێودەوڵەتی و پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان پێویســتن. بەگشــتی دەکرێ ئاماژە بەوانە بکەین: پێویســتە شــارەزایی تەواوی لە پیشەکەی خۆی وەک دیپلۆمات هەبێ، جگە لە زمانی وڵاتەکەی خۆی زمانی دیکە بە خوێندن و نووســین و قســەکردن بزانێ، بەتایبەت زمانی ئەو وڵاتەی لێی دەبێتە نوێنەر، هەروەها پێویستە ڕۆشنبیرییەکی گشــتی هەبێــت و دووربینانە کارەکانی ئەنجام بدات. پێویســتە لە کاتی هەبوونی گرژی و ئاڵۆزی پەرچەکرداری هێمنانە بێت. لە کاتی ئاخاوتن بە زیرەکی و ژیربێژییەوە بدوێ، دیپلۆماتێکی ئینگلیزی دەڵێت: دیپلۆمات ئەو کەسەیە کە دەتوانێ بەشێوەیەک پێتبڵێ بڕۆ بۆ جەهەننەم بەجۆرێک کە ئەوەندە بە خۆشــییەوە بڕۆیت و وا بزانیت کە بەڕاســتی دەچیت بۆ سەفەر.[٧]

هەروەهــا گرنگە کەســی دیپلۆمات بەهیچ شــێوەیەک کارێک نەکات کە دووربێــت لە ئەرکە فەرمییەکانی خۆیــی و کار بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆی نەکات. ئەم خاڵە بە گوێرەی یاســای دیپلۆماسی (ڕێککەوتننامەی ڤییەننای ١٩٦١ بۆ پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان)یش ڕێکخراوە و لە مادەی چل و دوودا هاتووە «نابێ نوێنەری دیپلۆماســی لە دەوڵەتی خانەخوێ

هیچ چالاکییەکی پیشەیی و بازرگانی بۆ خودی خۆی ئەنجام بدات».[٨]

**پێنجەم: پلەکانی دیپلۆماسی:**

پلەی فەرمی کەسانی دیپلۆمات بەگوێرەی یاسا و دابی نێودەوڵەتی، بە پاشکۆی دیپلۆماسی (محلق الدبلوماسي) دەست پێ دەکات و بە باڵوێز کۆتایی پێ دێت. بەگوێرەی ئەو خشتەیەی خوارەوە پلەکان ڕوون دەکەینەوە.[٩]

هەروەها بە گوێرەی مادەی چواردەی ڕێککەوتننامەی ڤییەننای ١٩٦١ بۆ پەیوەندییە دیپلماسییەکان، سەرۆکانی نوێنەرایەتی سێ چینن:

١. چینی باڵوێزەکان و باڵوێزەکانی پاپا، نێردراوانی سەرۆکی دەوڵەتەکان و کەسانی تر کە لە هەمان چینن.

٢. چینی نوێنەران – وەزیران- وەزیرانی پاپا و ڕێگە پێدراوە باوەڕپێکراوەکانی سەرۆکی وڵاتان.

٣. چینی دیاریکراوان بۆ کارەکانی تایبەت بە وەزارەتەکانی دەرەوە.

هەروەها هیچ جیاوازییەک لە نێوان سەرۆکانی نوێنەرایەتییەکان نییە لە چینەکانی خۆیان، تەنها کەسانێک نەبێ بەگوێرەی لە پێشنیەییان.[٢]

باڵوێز: بەرپرسی یەکەمی وڵاتێکە لە وڵاتێکی تر و نوێنەرایەتی وڵاتەکەی خۆی دەکات و هەموو دەسەڵاتێکی پێ سپێردراوە.

وەزیری ڕێپێدراو: نوێنەری سیاسییە کە هەموو دەسەڵاتێکی پێ سپێردراوە و لە ژێر دەستی باڵوێزی یەکەمدا کارەکانی ئەنجام دەدات.

| Français | English | عەرەبی | کوردی |
|---|---|---|---|
| Ambassadeur | Ambassador | السفير | باڵوێز |
| Ministre Plenipotentiaire | Minister Plenipotentiary | وزير المفوض | وەزیری ڕێپێدراو |
| Conseiller | Counselor | المستشار | ڕاوێژکار |
| Secretaire | secretary | سكرتير | سکرتێر |
| Diplomatique Attaché | Diplomatic Attache | ملحق الدبلوماسی | پاشکۆی دیپلۆماسی |

**شەشەم: پیشەی دیپلۆماسی:**

بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین کارەکانی پیشەی دیپلۆماسی کە کەسانی دیپلۆمات کاری تێدا دەکەن، بەم شێوەیە ڕوونبکەینەوە:

١. دانووستاندن: دەکرێ بە هۆکاری هەرە سەرەکی بوونی دیپلۆماتەکان لە وڵاتاندا هەژماری بکەین، چونکە کەسی دیپلۆمات بۆ ئەوە دەچێتە وڵاتێکی دیکە هەتا بە نوێنەرایەتی دەوڵەتەکەیەوە دانووستاندن بکات لەگەڵ دەوڵەتی خانەخوێدا و بە فەرمی هەڵسوکەوتیان لەگەڵ بکات.

٢. نوێنەرایەتی کردن: نوێنەری دیپلۆماسی یاخود دیپلۆمات، نوێنەری حکوومەت و دەوڵەتەکەی خۆیەتی. لە بۆنە فەرمی و تایبەتییەکاندا سیاسەتی حکوومەتەکەی خۆی ڕووندەکاتەوە بۆ دەوڵەتی خانەخوێ، هەروەها ڕوونکردنەوەی پێویست دەدات بە دەوڵەتی خانەخوێ، ئەگەر پێویست بکات.

٣. کۆکردنەوەی زانیاری: یەکێک لە ئەرکە گرنگەکانی کەسی دیپلۆمات کۆکردنەوەی زانیارییە. پێویستە لە ڕێگەی ناردنی ڕاپۆرت بۆ بۆ حکوومەتەکەی خۆی زانیاری بدات لەسەر بارودۆخ و پێشهاتی سیاسی و هەر زانیارییەکی پێویستی ئەو وڵاتەی تێیدا نوێنەرایەتی دەکات.

٤. پارێزوانی: پێویستە کەسی دیپلۆمات چاودێری بەرژەوەندیی و هاونیشتمانیان و کەل و پەلی دەوڵەتەکەی لە دەوڵەتی خانەخوێ بکات.

٥. پەیوەندی گشتی: پێویستە لەسەر دیپلۆمات هەوڵ بدات بۆ درووستکردنی پەیوەندی دۆستانە و پیشاندانی نیازپاکی دەوڵەتەکەیی و سیاسەتەکەی.

٦. بەڕێوەبردن: سەرۆکی نوێنەرایەتی، لە هەمانکاتدا سەرۆکی کارگێڕی نوێنەرایەتییەکە و بەرپرسە لە ڕووی کارە کارگێڕییەکانەوە. [١٠]

**حەوتەم: ڕێککەوتنامەی نێودەوڵەتی:**

ڕێککەوتننامە (international convention) ڕێککەوتنێکی نووسراوە لە نێوان دوو وڵات یاخود زیاتر، یاخود لە نێوان دەوڵەت و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، لە سەر پرسە جۆراو جۆرەکان، کە تێیدا ماف و ئەرکەکان دیاریکراون.[١١]

تایبەتمەندییەکانی:

١. ڕێککەوتننامــە رازی بــوون (agreement)ی لایەنەکانــە، بــە ئیــرادەی ســەربەخۆی خۆیان، مەبەســت لێی درووســتبوونی پەیوەندییەکی یاساییە لە نێوان لایەنەکان.
٢. پێویســتە ڕێککەوتننامــە بەشــێوەیەکی نووســراو بێت، واتە بــە زارەکی و شێوازی دیکە نابێ.
٣. پێویستە ڕێککەوتننامەکە لە نێوان کەسانی یاسای نێودەوڵەتی بێت (دەوڵەت و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان).
٤. ڕێککەوتننامەکــە لەســەر بنەمــای دیاریکردنــی ئــەرک و مافــی لایەنــە بەشــداربووەکانی ڕێککەوتننامەکە بێت و یاسای گشــتی نێودەوڵەتی بەسەردا جێ بەجێ دەکرێت.

**هەشتەم: پرۆتۆکۆل لە پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان:**

پرۆتۆکــۆل لە سیاســەت و پەیوەندییــە نێودەوڵەتییەکانــدا، بریتییە: لە ڕەوشت یا ئەتەکێتی تایبەت بە بنەماکانی کاری دیپلۆماسی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان.

پرۆتۆکۆل لە ڕووی دیپلۆماســییەوە دەکرێ بەم شــێوەیە بناســێنرێت، بریتییە: لە کۆمەڵێک بنەما و ڕێکار و ڕێککەوتننامە و کار و ڕێکخستنی ئاهەنگ و بۆنەی تایبەت بە پەیوەندییە دیپلۆماســییەکانی نێوان وڵاتان. ئەم بنەما و ڕێکارانەش زێدەتر لە ڕووی نەریتی (عورف) نێودەوڵەتییەوە ڕێکخراوە.[١٢]

پرۆتۆکــۆل، لە زۆرینەی حاڵەتەکاندا بۆ ڕێزگرتنە لە میوانی نێودەوڵەتی و تایبەتمەندییەکانــی میوانــەکان لە ســەرۆکی وڵاتەکانــەوە تا نێردە و نوێنــەرە تایبەتییــەکان و دیپلۆماتــەکان. بۆ نموونە لە کاتی ســەردانی ســەرۆکی وڵاتێک یا شاندێکی فەرمی، ئاسانکاری بۆ میوانەکان دەکرێ، بــە شــێوەیەکی باش و لە ئاســتێکی فەرمــی پێشــوازی دەکرێن، ئاڵای نیشــتمانی شــاندی میوان هەڵدەکرێ و هەندێ جار فەرشــی سوور بۆ سەرۆکەکان ڕادەخرێت.

جگە لەوەش پرۆتۆکۆل شێواز و شێوەی جۆراو جۆری هەیە، وەک چۆن دەکرێ لە حاڵەتی ئاهەنگ و پێشوازی میوانێکی فەرمی بێ، بەهەمانشێوە دەکرێ لە بۆنەیەکی خەمناک و پرسەیەکی نیشتمانیش بێت.

هەروەهـــا مـــەرج نییـــە کاری پرۆتۆکۆلـــی، تەنهـــا ســـەردانی شـــاندی نێودەوڵەتی تایبەت بێ، بەڵکو دەکرێ لە ڕێگەی ناردنی پەیامێکەوە بێت. بۆ نموونە:

*ناردنی پیرۆزبایی: پیرۆزبایی کردنی سەرۆکەکان لە کاتی سەرکەوتنی هەڵبژرادنەکان، لە بۆنە نیشتمانی و ئاینییەکان و هەندێ جار زەماوەندی بنەماڵەی سەرۆک و پاشاکان.

* ناردنی پرســـەنامە: لە کاتی پرسەی نیشـــتمانی وڵاتەکاندا، بۆ نموونە کۆچی دوایی سەرۆکی وڵات یان کارەساتێکی نیشتمانی.

*نـــاردن و گۆڕینەوەی دیـــاری: ئەمەش لە چوارچێـــوەی (موجامەلات) دەکرێ لە بۆنە جیاوازەکاندا دیاری دەگۆڕدرێنەوە.

*داوای لـــێ بـــوردن: داوای لێ بوردن کردن لە کاتی ڕوودانی هەڵەیەک لە لایەن وڵاتێکەوە بەرامبەر وڵاتێکی دیکە.[١٣]

هەروەهـــا دەکـــرێ کارە پرۆتۆکۆلییەکان لە ســـەردان و ناردنی شـــاندە فەرمییەکاندا لە چەند خاڵێکدا ئاماژە پێ بکەین:

- دانـــان و ڕێکخســـتن و ئامادەکردنـــی بەرنامـــەی ســـەردانی شـــاندە فەرمییـــەکان بـــۆ وڵات و بە پێچەوانەوەش ســـەردانی شـــاندی وڵات بۆ وڵاتانی دیکە.

- پێشوازی شاند و کەسایەتییە فەرمییەکان.

- پێشـــوازی باڵوێـــزی نـــوێ و بەڕێکردنـــی ئـــەو باڵوێـــزەی کۆتایی بە کارەکانی هاتووە.

- سەرپەرشـــتی ئاهەنگـــی فەرمی، کـــە نوێنەرانی وڵاتان تێیدا بەشـــدار دەبن.

- ڕێکخستنی کۆنگرە نێودەوڵەتییەکان کە لە وڵاتدا دەبەسترێ.

- دەرچوواندنی پاسپۆرتی دیپلۆماسی و تایبەت و ڕێگەدان و ئاسانکاری بۆ هەڵگرانی ئەو پاسپۆرتە.

- هەرکارێکی دیکەی تایبەت بە پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان.[١٤]

١. تاريخ الدبلوماسـية بقلم د . حنان اخميس – دراسـات دولية. لە سەرچاوەکاندا لینک و ڕۆژی وەرگرتنی دانراوە.
٢. تاريخ الدبلوماسـية بقلم د . حنان اخميس – دراسـات دولية. لە سەرچاوەکاندا لینک و ڕۆژی وەرگرتنی دانراوە.
٣. الدبلوماسيه و البروتوكول – سموحى فوق العادة لە بابەتێکی لەم ماڵپەڕە وەرگیراوە www.asharqalarabi.org.u لە ١٤-١ ٢٠١٢
٤. دیپلۆمات و دیپلۆماتی، نووسینی بەهرۆز گەلاڵی
٥. پێناسەی توێژەرە کە لە ئەنجامی پێناسەکاندا دەرهێنراوە.
٦. مادەی یەکی ڕێککەوتننامەی ڤییەننای ١٩٦١ بۆ پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان
٧. دیپلۆمات و دیپلۆماتی، نووسینی بەهرۆز گەلاڵی
٨. مادەی چل و دووی ڕێککەوتنامەی ڤییەننای ١٩٦١ بۆ پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان
٩. ئەو خشتەیە لەم سەرچاوەیە وەرگیراوە: http://www.aldiplo.net/diplomacy.htm
١٠. مادەی چواردەی ڕێککەوتننامەی ڤییەننای ١٩٦١ بۆ پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان
11. Public International Law- Dr.Salah Edin Ahmed Hamadi
١٢. بروتوکول (دیبلوماسیە)– لە ویکیپیدیای ئازادی عەرەبی http://ar.wikipedia.org/wiki
١٣. كتاب "البروتوكول الدبلوماسى" – د. علاو أبو عامر – دار الشروق.
١٤. سەرچاوەی یەکەم.

# باسی سێهەم: پێگەی کوردستان لە بواری دیپلۆماسی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان

بەو پێیەی ئەم توێژینەوەیە بۆ یەکێک لە زانکۆکانی کوردستانە و، ئەمڕۆ کوردستان وەک دەسەڵاتێکی یاسایی لە ڕووی نێودەوڵەتییەوە بە ئەندازەی خۆی پێگەی لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا هەیە و، لە هەمانکاتدا ڕوو لە گەشەکردنە، بە پێویستی دەزانم تیشک بخرێتە سەر کوردستان و پێگەی کوردستان لە ڕووی دیپلۆماسیی و پەیوەندی نێودەوڵەتییەوە.

بەهۆی ئەوەی کوردستان لە کاتی دروست بوونی دەوڵەتی مۆدێرن و سەردەمی پێکهێنانی نەتەوەیەکگرتووەکان و، فراوانبوونی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان و وەرگرتنی شێوەیەکی یاساییی بۆ ئەو پرسە لە نێوان دەوڵەتەکاندا، کوردستان خاوەنی دەوڵەتێکی تایبەت و خاوەن سەروەری خۆی نەبووە، بۆیە بەشێوەیەکی فەرمی کوردستان لەو نێوەندەدا نابینرێ و کوردستان خاوەنی پەیوەندی دیپلۆماسی و نێودەوڵەتی نەبووە و بە فەرمی نوێنەرایەتی لە وڵاتان نەبووە، هەتا سەردەمی حکوومەتی

هەرێمی کوردســتان کە لە دوای ســاڵی ١٩٩١ی زایینەوە لە باشووری کوردستان دامەزراوە.
لەگەڵ ئەوەشــدا، بەهۆی بوونی بزاڤی سیاسی و نەتەوەیی کوردەوە لە رابردوودا نوێنەری شــۆرش و بزاڤە سیاســییەکان بوونیان هەبووە لە هەندێ لە وڵاتانی جیهان، هەرچەندە کارەکانیان چوارچێوەیەکی فەرمی یاسایی نەبووە، بەڵام لە ڕووی نەتەوەیییەوە تا ڕادەیەک ڕەوایی هەبووە و، ئــەو نوێنەرانە وەک نوێنەری شــۆرش و هەندێ جار وەک نوێنەری نەتەوەی کورد لەم پارچەیەی کوردســتان لــەو وڵاتانە کاریان کردووە و، لە هەوڵی بەدەستهێنانی پشتیوانی و بەدەست هێنانی دۆستایەتی ئەو دەوڵەتانەبوون بۆ گەلی کوردستان.
بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی باشتر و ڕوونتر ئەو پەیوەندییانە ڕوونبکەینەوە کــە کورد هەیبووە لەگەڵ وڵاتان بە هەرشــێوەیەک بێ، هەوڵ دەدەم بە سێ قۆناغ ڕوونیان بکەمەوە.

## یەکەم: لە پێش جەنگی جیهانی یەکەم (١٩١٤) تا شۆرشی ئەیلول (١٩٦١)

بــەو پێیــەی لــەم قۆناغــەدا دەوڵەتێکی خــاوەن ســەروەریی لە ڕووی یاســاییەوە لە باشــووری کوردســتان بوونی نەبووە. بۆیــە پەیوەندی دیپلۆماسی و نێودەوڵەتی لەم بەشەی کوردستاندا بوونی نەبووە. ئەوەی هەبــووە بەزۆری لە ئاســتی تاکەکەس و ناردنــی نامە و پەیام بووە بۆ کۆنگرە نێودەوڵەتییەکانی ئەو سەردەمە. جگە لە ژەنەڕاڵ شەریف پاشا کە زیاتر رەوشێکی دیپلۆماسییانەی هەبووە، ئەمەش بەهۆی ئەو توانا و لێهاتووییەی کە خودی شەریف پاشا هەیبووە لە بواری دیپلۆماسی.[١]
وەک ئاماژەمان پێکرد، لەو قۆناغەدا کوردستان خاوەنی دەوڵەت نەبووە، بەڵام دەســەڵاتێکی کاتی هەبووە کە لە لایەن شــێخ مەحموودی حەفید (١٨٨١- ١٩٥٦ ) لە ١٥-١١-١٩١٨ دەسەڵاتی میری خۆی ڕادەگەیەنێت و پاشــان لە ٢١ی مایسی ١٩٢١ سەربەخۆیی دەسەڵاتەکەی ڕادەگەیەنێت. ئــەم دەســەڵاتەی شــێخ مەحمــوودی حەفید، لــە ســنووری پارێزگای ســلێمانی و بەتایبەت شاری سلێمانی و دەورووبەری بووە و لە رووی

نێودەوڵەتییـــەوە دانپێدانراو نەبووە و پەیوەندی دیپلۆماســـی لەگەڵ هیچ وڵاتێکدا نەبووە.[٢]

لـــەم قۆناغـــەدا دەکرێ ئاماژە بە حەپســـەخانی نەقیـــب (١٨٩١- ١٩٥٣ ) بکرێ کە ساڵی ١٩٣٠نامەیەکی مێژوویی و سیاسی ئاڕاستەی ڕێکخراوی کۆمەڵەی نەتەوەکان لە شاری ژنێف-ی سویسرا دەنێرێت و داوای مافی چارەی خۆنووســـین بۆ گەلی کوردستان دەکات، لە چوارچێوەی خاکی کوردســـتاندا، ئەم نامەیە لەو دەمـــەدا دەنگدانەوەی هەبووە کە لە لایەن ژنێکەوە ئەو داواکارییە ئاراستەی ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی کراوە.[٣]

لەو سەروبەندەدا کە کۆنگرەی ئاشتی لە پاریس ( ٢٢-٣-١٩١٩) بەستراوە و تێیدا چارەنووســـی گـــەلان دیاریکراوە، کوردیش بـــە گوێرەی توانای خۆی هەوڵی دیپلۆماسی داوە. نوێنەری خۆی (ژەنەڕاڵ شەریف پاشای خەندان) وەک ســـەرۆکی شـــاندی کوردان لەو کۆنگرەیە دەســـت نیشان کـــردووە و بەشـــداریان کردووە، ئەمە جگە لە هەوڵە دیپلۆماســـییەکانی دیکـــەی ژەنەڕاڵ شـــەریف پاشـــای خەندان بۆ دامەزراندنـــی دەوڵەتێکی سەرەبەخۆ بۆ میللەتی کورد و گەلی کوردستان.

شەریف پاشای خەندان (١٨٦٥- ١٩٥)، یەکەم دیپلۆماتکار و سیاسەتکاری کوردە کە بانگەشـــەی درووســـتکردنی دەوڵەتی کوردستانی کردووە و، لەو پێناوەدا ساڵانێکی زۆر لە ئەوروپا تێکۆشاوە.[٤]

لە ناو دەوڵەتی عوسمانیدا چەندین پلەی بڕیوە و لە خوێندی سەربازیدا پلەی ژەنەراڵی وەرگرتووە، ســـاڵی ١٨٩٨ دەنێردرێتە ســـوید و دەکرێتە نوێنـــەری دەوڵەتی عوســـمانی لە ســـوید بە پلەی (باڵوێـــزی فەقولعادە). ئەمـــەش ئەزموونێکی بـــاش بووە بۆ کاری دیپلۆماتی شـــەریف پاشـــا. هەروەها جگە لە زمانی کوردی و عەرەبی و تورکی و فارســـی، زمانی سویدی و ئینگلیزی و فەرەنسی وئیتاڵی و یۆنانیشی زانیوە، کە ئەمەش تایبەتمەندییەکـــی گرنگـــە لە کەســـی دیپلۆماتدا کە زمانـــە زیندووەکانی جیهان بزانێ.

دەکرێ کارە دیپلۆماسییەکانی ژەنەڕاڵ شەریف پاشا کورتبکەینەوە لەم چەند خاڵەدا:

- لە ســـەرەتاکانی دەســـتپێکی جەنگی جیهانی یەکەم لە ١٩١٤، ژەنەڕاڵ

شەریف پاشا، هەوڵ دەدات پەیوەندەی لەگەڵ دەوڵەتی ئینگلیزی بەریتانیا ببەستێ و، لە بارودۆخ و خواستەکانی کورد ئاگاداریان بکاتەوە. نامە دەنێرێ بۆ وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا و پێیان دەڵێ: کورد هاوکاری هاوپەیمانەکان دەکات، بەمەرجێ شتێک بۆ کورد دابین بکەن. ئەم نامەیە یەکەم کاری دیپلۆماسی نەتەوەیی بووە.

- لە ٢٢- ٣-١٩١٩ بەناونیشانی سەرۆک وەفدی کوردان، بەشداری کۆنفرانسی ئاشتی دەکات، کە لە پاریس بەڕێوەچوو. تێیدا یاداشتنامەیەک لەبارەی داخوازییەکانی میللەتی کوردەوە پێشکەشی کۆنفرانسەکە دەکات. لە ناوەڕۆکی یاداشتنامەکەیدا وێڕای ئەوەی کورد وەک نەتەوەیەکی جیاواز و خاوەن مێژوو و کولتوور دەناسێنێ، ئاماژە بە شارە کوردییەکان و مێژووی کوردەکان دەکات. هاوکات لە چوارچێوەی یاداشتنامەکەیدا نەخشەیەکی کوردستانیشی لەگەڵدا بووە. ئەو نەخشەیەی کە ژەنەراڵ شەریف پاشا کێشاویەتی و پێشکەشی کۆنفرانسی ئاشتی کردووە، وەک یەکەمین نەخشەی کوردستانی گەورە دەناسرێت کە لە ئاستێکی فەرمی و نێودەوڵەتیدا بەکارهێنرابێت. لە سەرەکیترین داواکارییەکانی یاداشتنامەکەشیدا داوای دەوڵەتی سەربەخۆ بۆ کورد دەکات.[٥]

بەشێوەیەکی گشتی لەو قۆناغەدا کورد رۆڵێکی بەرچاو و کاریگەری نەبووە لە پەیوەندییە نێودەوڵەتی و دیپلۆماسییەکاندا، ئەمەش بەهۆی ئەوەی دەوڵەتێکی سەربەخۆی خاوەن سەروەری لە کوردستاندا بوونی نەبووە.

**دووەم: شۆرشی ئەیلول (١٩٦١) تا ڕاپەرینی ١٩٩١**

بەهەمانشێوەی قۆناغی یەکەم، بەو پێیەی لەم قۆناغەدا دەوڵەتێکی خاوەن سەروەریی لە ڕووی یاساییەوە لە باشووری کوردستان بوونی نەبووە، بۆیە پەیوەندی دیپلۆماسی و نێودەوڵەتی لەم بەشەی کوردستاندا بوونی نەبووە. ئەوەی هەبووە بەزۆری لە ئاستی تاکەکەس و نوێنەرایەتی شۆرش و پارتە سیاسییەکاندا بووە کە لەو دەمەدا چالاکی سیاسییان هەبووە، دژی رژێمە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق.

لە سەردەمی شۆرشی ئەیلول ( ١٩٧١- ١٩٧٥) بە ڕێبەڕایەتی ژەنەڕاڵ

مستەفا بارزانی (١٩٠٣- ١٩٧٩)[٦] چالاکی دیپلۆماسی بەشێوەیەکی فەرمی نەبووە، ئەوەی هەبووە لە چوارچێوەی نوێنەرایەتی خودی ژەنەراڵ مستەفا بارزانی یاخود شۆرشی ئەیول بووە لە وڵاتان وەک نوێنەری شۆرشی نەتەوەی کورد لە باشووری کوردستان، کە بەگوێرەی بارودۆخی ئەو سەردەمە هەڵسووکەت لەگەڵ نوێنەرە کوردەکان کراوە. هەندێک جار هەبووە نوێنەرانی شۆرشی کوردستان، لە چاخانەیەک، لە قاوەخانەیەک یا هەر جێگایەکی تر لە لایەن کارمەندێکی بچووکەوە پێشوازی کراون.[٧] هەندێ جار لە ئاستی فەرمانبەرێکی ئاسایی وەزارەتێک یان بەرپرسێکی ئاسایی پێشوازی کراون و هەندێک جاریش لە چوارچێوەی سەرۆکی وڵاتەکە، وەک پێشوازی شای ئێران لە خودی ژەنەراڵ بارزانی و پێشوازی سەرۆک وەزیرانی دەوڵەتی ئیسرائیل لە ژەنەراڵ مستەفا بارزانی. هەرچەندە ئەم پێشوازیانەش لە ئاستێکی فەرمی و نێودەوڵەتی نەبوون، بەڵکو وەک سەرۆکی شۆرشی کوردەکانی باشووری کوردستان پێشوازی کراوە.

بەگشتی دەکرێ لەم قۆناغەدا ئاماژە بەچەند خاڵێک بکرێ لە پەیوەندیی دیپلۆماسی کورد و دەرەوە، هەرچەندە لە ئاستێکی فەرمی دەوڵەتی نەبوون، بەڵام بە فەرمی لەگەڵ شۆرشی کوردستاندا بووە.

١- بوونی پەیوەندی لەگەڵ ئێران، سۆڤیەت، ئەمریکا، ئیسرائیل.

٢- بوونی پەیوەندی لەگەڵ رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و چەند رێکخراوێکی دیکەی نێودەوڵەتی.[٨]

لە دوای شۆرشی ئەیلول لە ١٩٧٥ و دروستبوونی چەندین پارت و بزووتنەوەی دیکە لە باشووری کوردستان، بەهەمانشێوەی پێشوو، ئەوەی هەبووە نوێنەر و نوێنەرایەتی پارتەکان بوون لە وڵاتان و لە ئاستێکی فەرمی و نێودەوڵەتی نەبوون، بەڵکو تەنها وەک نوێنەری حیزبەکان کاریان کردووە و بەشێوەیەکی فەرمی پێشوازی نەکراون و نوێنەرایەتییەکانیان بەشێوەیەکی فەرمی نەناسراوە.

لەو سەردەمەشدا بەهەمانشێوەی سەردەمی شۆرشی ئەیلول، بەگوێرەی بارودۆخی ئەو سەردەمە هەڵسووکەت لەگەڵ نوێنەرە کوردەکان کراوە و هەندێ جار لە ئاستی فەرمانبەرێکی ئاسایی وەزارەتێک یان بەرپرسێکی

ئاسایی پێشوازی کراون لە وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکا، یاخود لە لایەن باڵوێزخانەی وڵاتێکەوە لە وڵاتان پێشوازی کراون.

### سێهەم: لە ساڵی١٩٩١

### تا فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکوومەتی هەرێم

پاش ڕاپەڕینی گەلی باشووری کوردستان[٩]، لە بەهاری ساڵی ١٩٩١ وراگەیاندی فیدراڵی باشووری کوردستان[١٠]، پاشان دامەزراندنی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢. دیپلۆماسییەتی کوردستان پێی نایە قۆناغێکی باشتر و بەرچاوتر لە پێشووی خۆی. کە بە سەرنجدان لە قۆناغەکانی پێشووی خۆیی و تا ئێستاش، بۆمان دەردەکەوێ کە ئاستی دیپلۆماسییەتی کوردی هەنگاوی باشتری ناوە و ئێستا لە قۆناغێکی باشتر دایە.

دەکرێ ئەم قۆناغەش لە ناوخۆیدا بۆ دوو قۆناغی دیکە دابەش بکەین، یەکەم، هەتا ساڵی ٢٠٠٣ و رووخاندنی حکوومەتی بەعسی عێراقی و چەسپاندنی فیدراڵی باشووری کوردستان. دووەم، دوای ئەو قۆناغە و دامەزراندنی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان.

دیارە لە قۆناغی یەکەم دەکرێ هاوشێوەی قۆناغەکانی دیکە چاوی لێ بکرێ، ئەویش بەهۆی بوونی دوو ئیدارەیی هەولێر و سلێمانی (پ.د.ک – ی.ن.ک) کە هەردووکیان جگە لە بوونی نوێنەرایەتی حیزبەکانیان لە وڵاتان، نوێنەرایەتی حکوومەتی هەرێمیشیان لەچەند وڵاتێکدا هەبوو و بەناوی حکوومەتەوە چالاکییان دەکرد. دەکرێ چالاکی و کارە دیپلۆماسییەکانی ئەم سەردەمە بە چالاکی حیزبی ناوزەد بکەین تا کاری دیپلۆماسی بەشێوەیەکی دامەزراوەیی.

قۆناغی دووەم، کە پاش رووخاندنی رژێمی بەعسی عێراقی عەرەبی و چەسپاندنی فیدراڵی باشووری کوردستان دەست پێ دەکات. لەم قۆناغەدا حکوومەتی هەرێمی تا ڕادەیەک یەکگرتوو پێکهات و بوو بە یەک ئیدارە، هەرچەندە نوێنەرایەتییەکان هەمان نوێنەرایەتی حیزبەکان بوون و چالاکییەکانیشیان زێدەتر بۆ بەرژەوەندی حیزب بوو تا

حکوومەتی هەرێمی کوردستان.
گرنگترین هەنگاو لەم قۆناغەدا ئەوەیە، کە فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکوومەتی هەرێم لە ٢٩-١-٢٠٠٩ بە بڕیاری ژمارە ١٤٣ ئەنجوومەنی وەزیرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، دامەرزا[١١]. ئەو فەرمانگەیە سەر بە ئەنجوومەنی وەزیرانە و کارمەندێک بە پلەی وەزیر سەرۆکایەتی دەکات. کاری فەرمانگەکە سەرپەرشتی نوێنەرایەتییەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە لە وڵاتانی دەرەوە و بەشێوەیەکی نا ڕاستەوخۆ رۆڵی وەزارەتی دەرەوە دەبینێت.
ئەم بڕیارەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، سەبارەت بە دامەزراندنی ئەم فەرمانگەیە، لە ڕووی یاسایی و دەستوورییەوە تەواوە و، پاڵپشتە بە خاڵی چوارەمی مادەی ١٢١ی دەستووری هەمیشەیی عێراقی فیدراڵ لە ساڵی ٢٠٠٥ کە دەڵێت «نووسینگەی تایبەت بە هەرێم و پارێزگاکان دەکرێتەوە لە باڵوێزخانە و نێردە دیپلۆماسییەکاندا، بە مەبەستی بەدواداچوونی کاروباری رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و گەشەپێدان»[١٢]
ئەو بڕیارەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە دوو بەش پێک دێ، بەشی یەکەمی کاری فەرمانگەکە دیاری دەکات و بەشی دووەمیش، بەڕێوەبەرایەتییەکانی فەرمانگەکە دیاری دەکات. بە سەرنجدان لە هەردوو خاڵە سەرەکییەکە، یەکەم دیاریکردنی کارەکان و دوومیش پێکهاتەکانی دامەزراوەکە، لە وەزارەتی دەرەوە دەچێت کە بەشێوەیەکی نیمچە فەرمی و دیفاکتۆییانە (واقعییانە) لە ڕووی پەیوەندی دیپلۆماسی و نێودەوڵەتییەوە کارەکانی بەڕێوەدەبات.
هەروەها دەکرێ ئاماژە بەوە بکەین ئەم فەرمانگە دەتوانرێ هەم ئێستا کە دیفاکتۆیە و هەم لە داهاتووشدا وەک وەزارەتی دەرەوە بناسرێ و کارەکانی وەزارەتی دەرەوە ئەنجام بدات. لەبەر ئەوەی مەرج نییە هەمیشە بەو دەزگا دەوڵەتییەی کاری پەیوەندییەکان و سیاسەتی دەرەکی بەڕێوە دەبات، بگوترێت وەزارەتی دەرەوە، بۆ ئەمە چەند نموونەیەکمان هەیە، لە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ناوی فەرمی وەزارەتی دەرەوە نییە، بەڵکو ناوی نووسینگەی دەوڵەتە. لە ئەڵمانیا ناوی فەرمی ئۆفیسی فیدراڵییە.[١٣]

بـۆ ئـەوەی زیاتر کارەکانی ئـەو فەرمانگەیە ڕوونبکەینـەوە، ئاماژە بە خاڵەکانی بەشی یەکەمەی بڕیاری دامەزراندنی فەرمانگەکە دەکەین، بەم شێوەی خوارەوە:
ا- پتەوکردنـی پێگـەی حکومەتی هەرێمی کوردسـتان لەگـەڵ وڵاتانی دەرەوە لـە بواری سیاسـی و رۆشـنبیری و کۆمەڵایەتی و ئابووری و پەرەپێدان بـە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی دەرەوەی حکومەتی عێراقی فیدڕاڵ.
ب- سەرپەرشـتی کردنی نووسـینگەکانی حکوومەتی هەرێم لە وڵاتانی دەرەوە و هەوڵدان بۆ پتەو کردنی پەیوەندیەکانی حکومەت بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی دەرەوەی عێراقی فیدراڵ.
ج- رێکخستنی کاری نوێنەرایەتی وڵاتانی بیانی لە هەرێمی کوردستان و هەوڵدان بۆ گەشـەپێدانی پەیوەندیە دوو قۆڵیەکان بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی دەرەوەی عێراقی فیدڕاڵ.
د- سەرپەرشتی کردنی سەردانی شاندی بیانی بۆ هەرێم و دابینکردنی پێداویسـتیەکانی مانەوەیان و رێکخسـتنی بەرنامەی کار و هەماهەنگی کردن لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان لە هەرێم و لە حکومەتی فیدڕاڵ.
هــ- پەسـەند کردنی بەڵگەنامـە و بریکارنامەی دانیشـتووانی هەرێم و هاوڵاتیان کە لە دەرەوەی وڵات ئەنجام دراون و لە لایەن نوێنەرایەتیەکانی حکومەتی هەرێـم یان کونسـولگەری و باڵوێزخانەکانی عێراقی فیدراڵ پەسـەند کـراون بۆ بەکارهێنان لـە ناو هەرێم و بـە هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی فیدڕاڵ.
و- مسۆگەرکردنی گەیاندنی پەیامی حکومەتی هەرێم بە جیهانی دەرەوە لە رێگەی سـایتی حکومەتی هەرێم و پتەوکردنـی پەیوەندیەکان لەگەڵ میدیای دەرەکی کاریگەر.
ز- هەماهەنگـی کـردن لەگـەڵ ئاژانسـەکانی نەتەوەیەکگرتـووەکان و رێکخراوە نێو دەوڵەتیەکان لە هەرێمی کوردستان ئەوانەی کە سروشت و شێوازی کاریان دەخوازێ هەماهەنگی لەگەڵ فەرمانگەی پەیوەندیەکانی دەرەوە بکەن.
ح- هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ دام و دەزگا پەیوەندیدارەکان لەسەر

ئاستی هەرێمی کوردستان و کارکردن وەک و پرد و خاڵی پەیوەندی بە مەبەستی چەسپاندنی کاری دامەزراوەیی.
گ- هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ کۆمپانیا نێودەوڵەتیە بیانیەکان و وەبەرهێنەرانی بیانی بۆ هاندانی چالاکی ئابووری و وەبەرهێنان لە هەرێم.
ی- ڕێکخستنی پەیوەندیەکانی حکومەتی هەرێم لەگەڵ وەزارەتی دەرەوەی عێراق فیدراڵ بۆ مسۆگەرکردنی بەشداری هەرێم لە کۆڕ و کۆبوونەوە نێودەوڵەتییەکان، ئەویش لە ڕێگەی نووسینگەی بەرپرسی فەرمانگەی پەیوەندیەکانی دەرەوە. (١٤)
جگە لە کارەکانی ئەم فەرمانگە تایبەتە بە بواری دیپلۆماسی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، دەکرێ ئاماژە بە بەهێزبوونی پێگەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بکرێ لە ناوچەکە بە گشتی و عێراق بە تایبەتی. لەم قۆناغەدا کە هێشتا بەردەوامە، تا ئێستا ٣٠ کونسوڵخانە و نوێنەرایەتی و ئۆفیسی وڵاتان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان لە هەرێمی کوردستاندا کراونەتەوە و کاری دیپلۆماسی خۆیان دەکەن. هەروەها حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ١٣ وڵاتی گرنگی جیهان نوێنەرایەتی هەیە.(١٥)
خاڵێکی گرنگی دیکەی ئەم قۆناغە ئەوەیە، لە زۆر وڵاتی بەهێز و خاوەن پێگە لە ڕووی سیاسی و دیپلۆماسییەوە لە جیهان، پێشوازی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، وەک پێشوازی سەرۆکی دەوڵەتێکی خاوەن سەروەری و سەرۆک وەزیرانی دەوڵەتێکی خاوەن سەرەوەری کراوە. ئەم خاڵە لە رووی دیپلۆماسییەوە پێگەی کوردستانی بەرز کردۆتەوە و لە هەندێ حاڵەتدا وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆ و خاوەن سەروەری رەفتاری کردووە، بەشێوەیەک کە جیاواز لە سیاسەتی دەرەوەی حکوومەتی عێراقی فیدراڵ هەڵویستی هەبووە لە ڕووداوەکانی ناوچەکە. بۆ نموونە پرسی سووریا کە بە ئاشکرا بیر و ڕا و هەڵوێستی حکوومەتی هەرێم و حکوومەتی ناوەندی عێراقی فیدراڵ جیاواز و ناکۆک بووە.
واتە بەجۆرێک دەتوانین بڵێن ئەو پەیوەندییانەی حکوومەتی هەرێم لە ڕووی دیپلۆماسییەوە لە گەڵ دەوەڵەتەکانی جیهاندا هەیەتی لە پەیوەندی

دەوڵەتێکەوە نزیکە تا هەرێمێکی فیدراڵ لە چوارچێوەی عێراقدا.
بۆ ئەمەش پێویستە ئاماژە بە لایەنی یاسایی یاخود دانپێدانانی نێودەوڵەتی بکەین بۆهەرێمی فیدراڵی و وڵاتێکی سەربەخۆ یا نیمچە سەربەخۆی وەک هەرێمی باشووری کوردستان لە ئیستادا. ئایا هەرێمی کوردستان لە ڕووی نێودەوڵەتییەوە دانپێدانراوە؟ یاخود لەو کاتانەی وەک زیاتر لە هەرێمێک یان وەک دەوڵەت مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ چۆنە؟
لە وەڵامی پرسیاری یەکەم، دەتوانین ئاماژە بەوە بکەین، بەو پێیەی هەرێمی کوردستان، هەرێمێکی فیدراڵییە لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی خاوەن سەرەوەری وەک عێراقدا و لە دەستووری هەمیشەیی عێراقدا ئاماژەی پێ کراوە. هەروەها حکوومەتەکەشی حکوومەتێکی یاساییە، کەواتە ئەم هەرێمە لە رووی نێودەوڵەتییەوە دانپێدانراوە. هەرچەندە لە هەندێ سەردانە فەرمییەکانی سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکوومەت بە تایبەت بۆ وڵاتانی ئێران و تورکیا بەشێوازێکی دیپلۆماسییانەی فەرمی پێشوازی لە شاندەکانی کوردستان نەکراوە، هەروەها ئاڵای کوردستانیش لە دانیشتەکان و کۆنگرە رۆژنامەوانییەکان دانەنراوە[١٦].
ئەمەش پێچەوانەی مادەی بیستی ڕێککەوتننامەی ڤییەننای ١٩٦١ کە دەڵێت « نوێنەر و سەرۆکی نوێنەرایەتی مافی هەڵکردنی ئاڵای نیشتمانی و دروشمی دەوڵەتە باوەڕ پێکراوەکەی هەیە، لەسەر شوێنی نوێنەرایەتی و شوێنی نیشتەجێ بوونی سەرۆکی شاندەکە، هەروەها لەسەر ئامرازەکانی هاتووچۆش».[١٧]
بۆ وەڵامی پرسی دووەم، کە زیاتر ئاماژەیە بۆ فراوانبوونی پەیوەندییەکانی حکوومەتی هەرێم و پێگەی وەک دەوڵەتێک لە هەندێ کاتدا و مامەڵەی دەوڵەت لەگەڵیدا، دەکرێ ئاماژە بە دانپیدانانی نێودەوڵەتی بۆ دەوڵەتە سەربەخۆکان و نیمچە سەربەخۆکانی وەک هەرێمی باشووری کوردستان بکەین. کە بەشێوەیەکی گشتی دوو جۆرە:
یەکەم: بەشێوەیەکی فەرمی و لە رێگەی حکوومەت و زۆرجار وەزارەتی دەرەوەی وڵاتانەوە دان دەنرێ بە سەربەخۆیی وڵاتێکی دیکەدا و بە فەرمی دەیناسێ و پەیوەندی لەگەڵ دەبەستێ.
دووەم: بەشێوەی دیفاکتۆ، کە بە فەرمی وەک وڵات نایناسێ و لە رێگەی

حکوومەت و وەزارەتی دەرەوە ڕاینەگەیاندووە، بەڵام بەشێوەی دیفاکتۆ ( ئەوەی هەیە- واقعی) مامەڵەی دیپلۆماسی و سیاسی و بازرگانی و هی تری لەگەڵ دەبەستێ.

بەو پێیەی هەرێمی باشووری کوردستان، هێشتا نەبۆتە دەوڵەتی سەربەخۆ و خاوەن سەرەوەری و بە فەرمی هەرێمێکی فیدڕاڵە و بە نافەرمی وڵاتێکی نیمچە سەربەخۆیە، بۆیە دەتوانین بڵێین ویڕای دانپێدانانی لە لایەن وڵاتانەوە وەک هەرێمێکی فەرمی و دەستووری لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقی فیدڕاڵ، بەڵام لە زۆرکاتدا بە شێوەیەکی دیفاکتۆییانە وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆ و جیاواز لە مامەڵە لەگەڵ حکوومەتی عێراقی فیدڕاڵ، مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ.

---

١. ژەنەڕاڵ شەریف پاشای خەندان، یەکەم سیاسەتکار کە داوای دەوڵەتی سەربەخۆی بۆ کوردستان کردووە. نووسینی هەڤاڵ نەژاد .http://www.hevalname.blogspot.com/2011/12/blog-post_27.html

٢. ژیاننامەی شێخ مەحموودی حەفید – ماڵپەڕی خۆزگە- لە ١٢-٥-٢٠١٢ وەرگیراوە http://www.xozga.com/nawdaran/index.php/hemerreng/3127

٣. ژیاننامەی حەپسەخانی نەقیب- ماڵپەڕی خۆزگە- لە ١٢-٥-٢٠١٢ وەرگیراوە http://www.xozga.com/nawdaran/index.php/hemerreng/3117

٤. ژەنەڕاڵ شەریف پاشای خەندان، یەکەم سیاسەتکار کە داوای دەوڵەتی سەربەخۆی بۆ کوردستان کردووە. نووسینی هەڤاڵ نەژاد

٥. هەمان سەرچاوە

٦. ژیاننامەی ژەنەڕاڵ مستەفا بارزانی

٧. بڕوانە دیمانەی شەفیق قەزاز، نوێنەری شۆرشی ئەیلول لە ئەمریکا لەگەڵ گۆڤاری لیڤین، ژمارە ٦٨ لە ١-٦-٢٠٠٨ بڵاوکراوەتەوە.

٨. دکتۆر کەمال سەید قادر، سەرپەرشتیاری توێژینەوەکەم، پێیوایە ئەو پەیوەندیانە دیپلۆماسیی و فەرمی بوون.

٩. راپەڕینی گەلی باشووری کوردستان لە ٥-٣-١٩٩١ و دەرنانی رژێمی بەعس.

١٠. بڕیاری ژمارە ٢٢ی دانیشتنی ژمارە ٣٨ی رۆژی ٤-١٠-١٩٩٢ بۆ راگەیاندنی فیدراڵیەتی هەرێمی کوردستان.

١١. بڕیاری ژمارە ١٤٣ ئەنجوومەنی وەزیرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لە لە ٢٩-١-٢٠٠٩.

١٢. دەستووری هەمیشەیی عێراقی فیدراڵ لە ساڵی ٢٠٠٥

١٣. بۆچوونی توێژەر و دکتۆر کەمال سەید قادر، سەرپەرشتیاری توێژینەوەکەش بە هەمانشێوەیە سەبارەت بە ناوی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە داهاتوودا، کاتێک دەبێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆی خاوەن سەروەری.

١٤. بڕیاری ژمارە ١٤٣ ئەنجوومەنی وەزیرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لە لە ٢٩-١-٢٠٠٩.

١٥. بە گوێرەی ماڵپەڕی فەرمی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لە کاتی نووسینی ئەم توێژینەوەیە ٣٠ نوێنەرایەتی و کونسوڵخانە لە کوردستاندا بوونیان هەیە. هەروەها ١٣ نوێنەرایەتی حکوومەتی هەرێم لە وڵاتانی دەرەوە هەن.

١٦. کارێکە پێچەوانەی یاسای پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە، کە لە مادەی بیستی رێککەوتننامەی ڤییەننای ١٩٦١ بۆ پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان لە بارەی هەڵکردنی ئاڵا دیاریکراوە.

١٧. رێککەوتننامەی ڤییەننای ١٩٦١ بۆ پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان.

# باسی چوارەم: ڕێککەوتننامەی ڤییەننا بۆ پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان

**یەکەم: پێناسەی ڕێکەوتنامەکە:**

ڕێککەوتننامەیەکی نێودەوڵەتی بواری پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانە، دەکرێ بە یاسای دیپلۆماسیش چاوی لێ بکرێ. مادەکانی ئەم ڕێککەوتننامەیە سەرچاوەی سەرەکیی یاسای گشتی نێودەوڵەتی و پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانە. گرنگی دەدات بە ڕێکخستنی پەیوەندییەکی ئاشتیانە لە نێوان کەسانی یاسای گشتی نێودەوڵەتی.[1]

ئەم ڕێککەوتنامەیە، لەسەر داوای کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان و بەچاودێری نەتەوە یەکگرتووەکان لە ٢ی ئازار (مارس)ی بۆ ١٤ نیسانی ساڵی١٩٦١ لە شاری ڤییەننای پایتەختی وڵاتی نەمسا، بە بەشداری ٨١ وڵات بەڕێوەچوو، لە ڕۆژی ١٨ نیسانی ١٩٦١ وڵاتانی بەشدار واژوویان لەسەر ڕێککەوتننامەکە کرد، کە خۆی لە ٥٢ مادەدا دەبینێتەوە و تێیاندا پەیوەندی دیپلۆماسی نێوان وڵاتان ڕێکخراوە.

**دووەم: خاڵە سەرەکییەکانی ئەم ڕێککەوتننامەیە:**

ڕێککەوتننامەی ڤییەنای ١٩٦١ بۆ پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان، چوارچێوەیەکی سەرەکییە بۆ بەردەوامی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان و، پاراستنی ئەو پەیوەندییانە کە لەسەر بنەمای ڕێککەوتنی نێوان دەوڵەتە خاوەن سەروەرییەکان دامەزراوە.(٢)

هەروەها بەڵگەنامەیەکی گرنگە بۆ دیاریکردنی گرنگیی نوێنەرایەتی دیپلۆماسی، هەروەها بنەمایەکی فەرمی ڕێکخراوە بۆ ڕاگەیاندنی کەسی نەویستراو (غیر مرغوب) لە دیپلۆماسی، کە هەستاوە بە ئەنجامدانی تاوانێک بەڕێگەیەک کە پێشینەی نییە لە نێوان سەرۆکانی نوێنەرایەتییەکان. هەر بۆیە لە مادەی چواری ئەم ڕێککەوتننامەیە ئاماژە بەوە دەکات، پێش ناردنی سەرۆکی نوێنەرایەتی هەر وڵاتێک بۆ وڵاتێکی دیکە، پێویستە ڕەزامەندی ئەو وڵاتە وەرگیرابێ کە بۆی دەنێردرێت.

ئەم ڕێککەوتننامەیە بنەمایەکی تایبەتی داناوە بۆ ئیمتیازات و حەسانە، کە دەدرێ بە نوێنەرایەتی دیپلۆماسی بۆ ئەوەی کارەکانی خۆیان بەشێوەیەکی ئاسان و بەبێ ترس و دڵەڕاوکێ ئەنجام بدەن و یاسای ناوخۆیی ئەو وڵاتەی بۆی دەچن نەبێتە ڕێگر و لەمپەڕ لە بەردەم کارەکانیان.

بە گوێرەی مادەی مەنجا و دووی ڕێککەوتننامەکە، لە بەشێکیدا هاتووە« ڕێکەوتی کارکردن بەم ڕێککەوتننامەیەوە بەگوێرەی ئەو ڕێکەوتە دەبێت کە لە مادەی ٥١ دیاریکراوە، هەروەها کۆپی ڕەسەنی ئەم ڕێککەوتننامەیە بە زمانەکانی (ئینگلیزی، چینی، ئیسپانی، فەرەنسی، ڕووسی) نووسراوە و بە فەرمی دەناسرێت. سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان کۆپییەکی فەرمی بۆ هەموو وڵاتانی ئاماژە پێ کراو لە مادەی ٤٨ دەنێرێت.

**سێهەم: کاریگەری ڕێککەوتننامەی ڤییەننا ١٩٦١ بۆ پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان:**

ئەم ڕێککەوتننامەیە بنەمایەک بوو بۆ بنیاتنانی پەیوەندی دیپلۆماسی بە شێوەیەکی مۆدێرن لە نێوان وڵاتان. هەرچەندە هەندێک وڵات کاریان بە یاسای نیشتمانی خۆیان دەکرد لە پەیوەندییە دیپلۆماسییەکاندا، بەڵام پاش

سێ ساڵ و دوای پەیوەست بوونی ٢٢ی وڵاتی دیکە بە ڕێککەوتننامەکەوە و واژووکردنیـان، ئـەم ڕێککەوتننامەیـە بەشـێوەیەکی فـراوان کەوتە واری جـێ بەجێ کردنەوە و لە ئێسـتادا هەمـوو وڵاتانی جیهان پێیەوە پەیوەسـتن و بەگشـتیش لە ناو دەسـتووری وڵاتاندا جێگەی بۆتەوە و ئاماژەی پێ کراوە. هەروەها بەو پێیەی لە لایەن نەتەوەیەکگرتووەکانەوە سەرپەرشتی ئەو کۆنگرەیە کراوە و پاشان سەرۆکی ئەو دەمی نەتەوە یەکگرتووەکان واژووی لەسەر ڕێککەوتننامەکە کردووە. لە مادەی چل و نۆ هاتووە«ئەم ڕێککەوتننامەیە و بەڵگەنامەکانی ناوی پەسەند دەکرێت، بە پەسـەندکردنی لە لایەن سـکرتێری گشـتی نەتەوە یەکگرتووەکان». بـە مەبەش ڕەوشـێکی یاسـایی نێودەوڵەتی وەرگرتووە کـە نابێ هیچ دەوڵەتێـک پێچەوانەی ئەوەوە هەنگاو بنێت، تەنانەت ئەگەر واژووشـی نەکردبێ.(٣)

**چوارەم: کارەکانی دەستەی نوێنەرایەتی دیپلۆماسی بەگوێرەی ڕێککەوتننامەی ڤییەننا**

بە گوێـرەی مادەی دووەمی ڕێککەوتننامەکـە « پەیوەندی نێودەوڵەتی بنیات دەنرێت لە نێوان دەوڵەتان و، نوێنەرایەتی دیپلۆماسی هەمیشەیی دەنێردرێـت بەگوێرەی ڕێکەوتنی دوو لایەنـەی نێوان دەوڵەتەکان « لە مـادەی سـێهەمی ڕێککەوتننامەی ڤییەننادا ئاماژە بـەکاری نوێنەرایەتی وڵاتـان دەکات لە وڵاتانی دیکە و کارەکانی نوێنەرایەتی لەچەند خاڵێکدا ڕووندەکاتەوە کە بریتین لە:

١- نوێنەرایەتـی دەوڵەتـی باوەڕپێکراو لـەو دەوڵەتـە باوەڕپێکراوەی (خانەخوێ) لێیەتی.

٢- پارێـزگاری لـە دەوڵەتـە باوەڕپێکراوەکـەی، هەروەهـا ڕێزگرتنی بەرژوەنـدی دەوڵەتـی خانەخـوێ، لـە چوارچێـوەی ئـەوەی یاسـای نێودەوڵەتی دیاری کردووە.

٣- دانوسـتاندن لەگـەڵ حکوومەتی ئەو دەوڵەتـە باوەڕپێکراوەی بۆی نێردراوە.

٤- کۆکردنـەوەی زانیاری بە هەموو ڕێگە ڕەواکان لەسـەر بارودۆخ و پێشکەوتن و ڕووداوەکان لەو دەوڵەتە باوەڕپێکراوەی بۆی نێردراوە و

ئامادەکردنی راپۆرت لەسەر حکوومەتی دەوڵەتە باوەڕپێکراوەکان.
٥- دروستکردنی پەیوەندییەکی دۆستانە و گەشەپێدانی پەیوەندی ئابووری، رۆشنبیری و، زانستی، لە نێوان هەردوو دەوڵەتی باوەڕپێکراو.
٦- هیچ یەک لە خاڵەکانی ئەم ڕێککەوتننامەیە وا لێک نادرێتەوە کە ڕێگە بگرێ لە نوێنەرایەتی راستەوخۆی کارە دیپلۆماسییەکانی کونسوڵخانە.[٤]

**پێنجەم: حەسانەی دیپلۆماسی و ماف و ئیمتیازاتی دیپلۆماسی**

حەسانەی دیپلۆماسی جۆرێکە لە جۆرەکانی حەسانەی یاسایی، کە وڵاتان دەیدەنە دیپلۆماتەکانی یەکتری و میوانە فەرمییەکانی یەکتری کە لە کۆسپ و تەگەرەکانی یاسایی خۆجێی دەبەخشرێن و ئاسانکاری دەکرێت بۆ کارەکانیان. حەسانەی دیپلۆماسی وێڕای دیپلۆمات و شاندی باڵای وڵاتان، بەهەمانشێوە دەبەخشرێتە کارمەندە باڵاکانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان و ئەوانیش سوودمەند دەبن لە حەسانەی دیپلۆماسی.

ئەم جۆرەش لە حەسانە، کە پێی دەگوترێ حەسانەی دیپلۆماسی، بە گوێرەی ڕێککەوتننامەی ڤییەننای ١٩٦١ بۆ پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان، ڕێککەوتنی لەسەر کراوە لە لایەن وڵاتانەوە.

لە مادەی بیست و یەکی ڕێککەوتننامەکەوە تا مادەی ٤٥ بەشێوەیەکی گشتی باس لە حەسانەی دیپلۆماسی و ماف و ئیمتیازاتی کەسانی دیپلۆمات و خزمەتگوزار و ئەندامانی خێزانی کەسانی دیپلۆمات و کارمەندانی نوێنەرایەتییەکان. دەکرێ بەشێوەیەکی گشتی چەند مادەیەک لەو مادانەدا لێرەدا بهێنرێتەوە کە گرنگی و بایەخی زۆریان هەیە لە حەسانە و ماف و ئیمتیازاتی دیپلۆماسی.

مادەی بیست و پێنج: دەوڵەتی خانەخوێ هەموو ئاسانکارییەک بۆ نوێنەرایەتی دەوڵەتی میوان دەکات، بۆ جێ بەجێ کردنی کارەکانی.

مادەی بیست و حەوت: دەوڵەتی میوان ئازادە لە هەناردنی هەموو ئەو شتانەی پەیوەندییان بە کاری فەرمی نوێنەرایەتییەوە هەیە. هەروەها دەتوانێت پەیوەندی بکات بە حکوومەتەکەی خۆیەوە و، نوێنەرایەتی

و کونســوڵگەری وڵاتــەکان. هەروەهــا دەتوانــێ هەمــوو ڕێگەکانــی پەیوەندیکردن بــەکار بهێنێت- لە نێویاندا بەکارهێنان و هەڵگرتنی فایلی دیپلۆماســی و هەناردنی بــە هێمای تایبەت- لەگەڵ ئەوەشــدا ناتوانێت وێســتگەی رادیۆیی بەکار بێنێت بۆ ناردنی پەیامەکانی، لە حاڵێکدا نەبێ کە حکوومەتی خانەخوێ پێی ڕازی بێت.
هەنــاردە فەرمییەکانــی نوێنەرایەتی پارێزراون، دەســتەواژەی هەناردە فەرمییــەکان، واتــە هەمــوو هەناردەکانــی پەیوەندیــدار بــە کارەکانی نوێنەرایەتــی. هەروەهــا پارێزراون و ســەیرناکرێن لە لایــەن دەوڵەتی خانەخوێوە.
هەڵگرتنــی جانتــا یا فایلــی دیپلۆماســی دەبێ نیشــانەیەکی پێوەبێت بۆ دەرخســتنی- ئەمــە بەڵگەنامە دیپلۆماســییەکان و کەلوپەلی نێردراو بۆ کاروباری فەرمی دەگرێتەوە.
هەڵگری جانتا یا فایلی دیپلۆماسی، بەڵگەیەکی فەرمی پێ بێت کە سیفەتی دیپلۆماســی دەربخات، کە لەکاتی بەجێهێنانی ئەرکەکانیدا لە ناردنیدا بۆ وڵاتــی خانەخــوێ پارێزراوە. هەروەهــا ملکەچ نییە بۆ هیچ پشــکنین و دەستبەسەرداگرتنێک.
پێویســتە دەوڵەتی میوان یا نوێنەرایەتییەکەی هەڵگری فایلی دیپلۆماسی دەستنیشــان بکات. لــەم حاڵەتەدا بڕگەی پێنجی ئــەم مادەیە جێ بەجێ دەکرێ. هەروەها لەگەڵ ڕەچاو کردنی ئەو حەســانەی کە دیاریکراوە تا ئەو کاتەی شتە نێردراوەکان دەگاتە دەست ئەوانەی بۆیان نێردراوە.
دەکرێ هەناردە دیپلۆماسییەکان لە ڕێگەی فرۆکەی بازرگانی ڕێگەپێدراو بنێــردرێ، بەمەرجــێ بەڵگەنامــەی فەرمــی هەبێــت و دیاری بــکات کە چــی نێــردراوە. هەروەها ئەوەی کە نێردراوەکانی پێیە نابێتە کەســێکی دیپلۆماسی. هەروەها لەسەر نوێنەرایەتی پێویستە راستەوخۆ ئەندامێکی بنێرێت بۆ وەرگرتنی نێردراوەکان لە کەسی نێردە.
مــادەی بیســت و هەشــت: بەخشــینی نوێنەرایەتــی لە بــاج و فەرمانە (رســوومات) لە کاتی ئەنجامدانــی کاری فەرمی نوێنەرایەتی، لە هەموو جۆرەکانی باج و فەرمانە.
مادەی بیســت نۆ: کەســی نێردراوی دیپلۆماسی پارێزراو دەبێ – نابێ

بە هیچ شـێوەیەک دەستبەسـەر یا قۆڵبەست بکرێت- پێویستە دەوڵەتی خانەخـوێ بەرێـزەوە مامەڵـە لەگـەڵ نوێنـەری دیپلۆماسـی بـکات و ئاسانکاری بۆ بکات لە بەرکارهێنانی هەموو مافەکانی.
مادەی سی و یەک:
١- نوێنـەری دیپلۆماسـی مافی حەسـانەی دادوەری هەیـە و لەکاتی ڕوودانی تاوان ناگیرێت، لە وڵاتی خانەخوێ. هەروەها حەسانەی مەدەنی و ئیداریشی هەیە. لە حاڵێکدا نەبێ ئەگەر پەیوەندیدار بێت:
أ- ئەگـەر داوایەکی تایبەتمەند بە بابەتێکەوە هەبێت، بۆ نموونە لەسـەر زەوی و زاری تایبەتـی لـە خاکی وڵاتی خانەخـوێ. لە حاڵێکدا نەبێ کە کاری نوێنەری دیپلۆماسـی بۆ هەژماری (حساب) تایبەتی دەوڵەتەکەی خۆی بێت و تایبەت بێ بە کاری نوێنەرایەتی.
ب- ئەگەر داوایەکی تایبەتی بە میرات هەبوو، کە دەکرێ تێیدا نوێنەری دیپلۆماسـی جـێ بەجێـکاری میرات بەخشـین یا بەڕێوەبـەری میرات بەخشـین بێـت، یاخود خۆی میراتگـر و جێ بەجێکاری وەسـیەت بێ، هەڵبەت ئەمە دەبێ بەناوی خۆیەوە بێت، نەک دەوڵەتەکەی.
ج- ئەگەر داوا یاساییەکە پەیوەندی بە کارێکی جیاواز لە کاری دیپلۆماسی بێـت، بۆ نموونە چالاکی بازرگانـی، کە لە دەرەوەی چوارچێوەی کاری نوێنەرایەتی بێت.
٢- نوێنەری دیپلۆماسی ناچار بە شەهادە ( مەبەست شەهادەی یاساییە نەک بڕوانامە) دان ناکرێت.
٣- هیچ ڕێوشـوێنێک ناگیرێتە بەر لە دژی نوێنەری دیپلۆماسـی، تەنها لەو حاڵەتانەدا نەبێ کە لە برگەکانی ( أ، ب، ج) لە بەندی (١) ئەم مادەیەدا هاتوو، ئەویش بە مەرجی ئەوەی زیان نەگەیەنێت بە کەسـی دیپلۆمات و شوێنی نیشتەجێ بوونی.
٤- ملکـەچ نەبوونی بـۆ دادوەری وڵاتی خانەخوێ، نابێتە بەخشـین لە ملکەچبوونی لە دادوەری وڵاتەکەی خۆی.
مـادەی سـی و هەشـت: ڕێگە نـادرێ بـە دەوڵەتی خانەخـوێ ماف و حەسانەی زیادە بدات بە نوێنەری دیپلۆماسی، وەک: پێدانی ڕەگەزنامەی دەوڵەتی خانەخوێ، پێدانی مافی مانەوەی هەمیشەیی، کە بێ حەسانەی

یاســایی و پارێزراوی تاکەکەســییە، تەنها لە حاڵێکدا نەبێ کە نوێنەری دیپلۆماسی هەڵدەستێ بە رەفتارێکی فەرمی لە چوارچێوەی کارەکانیدا. ئەندامانــی دیکەی دەســتەی نوێنەرایەتی و خزمەتگــوزارە تایبەتەکان، ئەوانــەی رەگەزنامەی دەوڵەتی خانەخوێیان هەیــە، یان مافی مانەوەی هەمیشــەییان هەیــە، ســوودمەند نابــن لە حەســانەی یاســایی، تەنها لــە بارێکدا نەبــێ کە ئەو دەوڵەتــە بڕیاری لێ دەدات، لەگەڵ ئەوەشــدا دەوڵەتــی خانەخــوێ هەڵســوکەتی مافپارێزانە لەگەڵ ئەوانــەدا ئەنجام دەدات، بەشێوەیەک کە کاریگەری نەبێت لەسەر کارەکانی نوێنەرایەتی. مــادەی چل و چوار: لەســەر دەوڵەتی خانەخوێ پێویســتە- تەنانەت لە کاتی جەنگیشدا ئاسانکاری بۆ ئەو کەسانە بکات کە سوودمەندن لە ماف و حەسانەی دیپلۆماســی- بەجیاوازی لەگەڵ ئەوەی هاوڵاتی خۆیەتی- هەروەها ئەندامانی خێزانی ئەو کەسانە، لە کاتێکدا هەڵگری رەگەزنامەی هــەر وڵاتێــک بن، بۆ ئەوەی بــە زووترین کات ئەو وڵاتــە بەجێ بهێڵن. هەروەها بۆ کەلوپەل و شتە پێویستەکانی ئەو کەسانە  و پاشکۆکانیان، خۆیان سەرپشکن لە گواستنەوەیان لەو وڵاتە.(٥)

---

١. لــە بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان ئەم رێککەوتننامەیە بە یاســای دیپلۆماســی هەژمار دەکرێت.

٢. سەرچاوەی سەرەکی ئەم باسە، خوودی رێککەوتننامەکەیە.

3. Vienna Convention on Diplomatic Relations in 1961- By Eileen Denza- Professor of International Law

٤. رێککەوتننامەی ڤییەننای ١٩٦١ بۆ پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان.

٥. مادەکانی  رێککەوتننامەی ڤییەننای ١٩٦١ بۆ پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان

# ئەنجام

ئەوەی لە چوارچێوەی ئەم توێژینەوەیەدا، لە ئەنجامدا لێم هەڵێنجاوە، دەمەوێ بە چەند خاڵێک ڕوونیان بکەمەوە و بۆچوون و پێشنیاری خۆم لەو بارەیەوە بنووسم. بێگومان ئەم کارە سەرەتاییە و دەمەوێ لە داهاتوودا لە چوارچێوەی خوێندنی باڵا لەم بابەتەدا، توێژینەوە و ئەنجامگیری بەشێوەیەکی چڕتر و زانستیانەتر بنووسم.

یەکەم: لە مێژووی خۆیدا کورد وەک نەتەوە، کوردستان وەک وڵاتێکی پارچەکراو و داگیراو، گەلی کوردستان بە سەرجەم پێکهاتەکانییەوە، هەتا سەردەمی ئەمڕۆ کە سەردەمی دەوڵەتی ڕانەگەیاندراو و دیفاکتۆی باشووری کوردستانە، پەیوەندی دیپلۆماسی کوردی قۆناغگەلێکی بڕیوە کە لە ئاستی سفر و سەرەتاوە تا ئێرە هاتووە کە وەک دەوڵەتێکی دیفاکتۆ پەیوەندی لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەبەستریێ.

لە ڕابردوودا، بەهۆی نەبوونی دەوڵەتی کوردستانەوە، پەیوەندی

دیپلۆماسی کورد هەمیشە لە ئاستی سەرەتایی بووە و هیچکات جێگەی دیاری لە ناوەندە دیپلۆماسی و نێودەوڵەتییەکاندا نەبووە، تەنانەت نوێنەرایەتیشی لە هیچ کۆڕ و کۆبوونەوەیەکی نێودەوڵەتی نەبووە و هەمیشە گەلە داگیرگەرەکان نوێنەرایەتی نا ڕەوای کوردیشیان کردووە و بڕیاریان لە چارەنووسی داوە. هۆکاری ئەوەیش ئەوە بووە کە گەلی کورد گەلێکی نەخوێندەوار و نا هۆشیار بووە، هەمیشە پەرتەوازە بوون و لە بەرزترین ئاستدا بوونەتە دەسەڵاتێکی خۆجێیی میرنشینی، کە هێندەی خەریکی دژایەتی یەکدی بوون، هێندە خەریکی ئەوە نەبوون کە خۆیان نوێنەرایەتی خۆیان بکەن و پەیوەندی دیپلۆماسی بە ڕەوشی ئەو سەردەمە لەگەڵ گەلان ببەستن. بەزۆری، بەهۆی پاشکۆیەتی ئایینی لە خزمەتی دەوڵەتەکانی عوسمانی سوونني و سەفەوی شیعی دابوون. زۆرترین هەوڵ و چالاکیان بۆ خزمەتی ئەو دەوڵەتانەبووە و بۆ ئەوان تێکۆشاون. هەتا سەردەمی ژەنەڕاڵ شەریف پاشای خەندان، کە لەم توێژینەوەدا ئاماژەی پێ کراوە و، دەتوانین بڵێین تاکە دیپلۆماتکاری کوردی بووە لە سەردەمی پێش جەنگی جیهانی یەکەم و پاش جەنگیش، کە بەشێوەیەکی دیپلۆماسیانە بۆ دۆزی کورد تێکۆشاوە و لەگەڵ وڵاتان پەیوەندی بەستووە، لە سەردەمی کۆنگرەی ئاشتی پاریس لە ١٩١٩ کە چارەنووسی گەلان دیاریکراوە، ئەویش وەک نوێنەری کوردان بەشداربووە و داوای دەوڵەتی کوردستانی کردووە بۆ گەلی کورد، لەسەر خاکی کوردستان. بەڵام بەهۆی لاوازی ئەوکاتی کۆمەڵگەی کوردی و پەرتەوازەیی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئایینی، هەوڵەکانی شەریف پاشا بێ ئەنجام بوون.

پاشتر لە باشووری کوردستان، بەهۆی بوونی شۆرش و بزاڤی نەتەوەیی و سیاسی، هەوڵی دیپلۆماسی دراون، بەڵام لە ئاستێکی زۆر سادە و نە فەرمی، تەنها لە چوارچێوەی نوێنەرایەتی شۆرش یا پارتەکاندا بوو، لە لایەن وڵاتانیشەوە لە ئاستێکی زۆر نزم بە شێوەی نا فەرمی هەڵسوکەوتیان لەگەڵ کراوە.

لە سەردەمی ئێستاش کە سەردەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە،

ئاستی پەیوەندی دیپلۆماسی باشووری کوردستان لە چاو ڕابردوو باشترە. فەرمانگەیەک بەناوی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە هەیە کە ڕاستەوخۆ سەر بەئەنجوومەنی وەزیرانە و ڕۆڵی وەزارەتی دەرەوە دەگێڕێت. نوێنەرایەتی وڵاتان لە کوردستانن و نوێنەرایەتی کوردستانیش لە چەند وڵاتێکدا هەن.

هەر ئەوەندەی کە دەتوانین بڵێین لە چاو ڕابردوو باشترە، بۆخۆی جێگەی دڵخۆشییە، بەڵام نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێ ئێمە لە چاو گەلانیدا لەو بوارەوە چەندە لە پاشین و هێشتا خاوەنی دەوڵەتێکی خاوەن سەروەری نین، دەسەڵاتی سیاسی و ئیداری باشووری کوردستان چەندین دەرفەتی گرنگیان لەدەستداوە کە دەکرا ئاستی دیپلۆماسییەتی کوردستان زۆر لە ئێستای باشتر بووایە. بۆیە دەبێ بەوەندەی کە ئێستا هەیە نەک هەر ڕانەوەستین، بەڵکو دەبێ ڕازی نەبین و بەخێرایی کار بکەین و ڕێگەکان ببڕین، تا دواکەوتوویی و بەجێمانمان لەچاو گەلان نەهێڵین و دیپلۆماسییەتی کوردستان بگەیەنینە ئاستێک کە شایەنی گەلێکی گەورەی وەک گەلی کوردستان بێت، ئەویش لەژێر چوارچێوەی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستاندا.

دووەم: پەیوەندی دیپلۆماسی و نێودەوڵەتی، زانستێکی زۆر گرنگی ئەمڕۆییە، تا ئێستا لە زانکۆکانی کوردستاندا بە گوێرەی پێویست بایەخی پێ نەدراوە، هەروەها لە بەرنامەی وەزارەتی خوێندنی باڵا، یاخود حکوومەتی هەرێمی کوردستانیشدا ئاماژە بەوە نەکراوە کە گرنگی پێ دەدرێ و لە داهاتوودا لە زانکۆکان دەبێتە کۆلێژ یا بەشێکی گرنگ، کە کادری شارەزا و لێهاتوو لەو بوارەدا پەروەردە دەکەن.

بە بڕوای من پێویستە بە شێوەیەکی ڕژد و بە بەرنامە کار لە سەر کردنەوەی ئەم بەشە یاخود کۆلێژە بکرێت، لە سەرجەم زانکۆکانی کوردستان، ئەوانەی زانستە مرۆڤایەتییەکانی تێدا دەخوێندرێت. هەروەها زۆر گرنگە لە بەرنامەی تواناسازی وەزارەتی خوێندنی باڵای حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بایەخ بەم زانستە بدرێت و پشکێکی تایبەتی بۆ دیاری بکرێت، بۆ ئەوەی خوێندکارانی کوردستان، سوودمەند بن لە شارەزایی وڵاتانی پێشکەوتووی جیهان لەو زانستە.

هەتـا مامۆسـتا و کەسـانی ئەکادیمی لەو بـوارەدا پـێ بگەیەنین و ئەوانیش لە داهاتوودا خوێندکارانی کوردسـتان بەو زانسـتە ئاشـنا بکەن و کەسایەتی دیپلۆماتیان لێ درووست بکەن.

هەروەها پێویسـتە نووسەر و وەرگێڕەکانمان هەوڵی خۆیان بدەن و لەم بوارەوە خزمەتی کتێبخانەی کوردی و خوێندکارانی کوردسـتان بکەن، بە نووسین یا وەرگێڕانی کتێبی زانستی تایبەت بە دیپلۆماسی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، لە زمانە زیندوو و پێشـکەوتووەکانی جیهانەوە، بۆ زمانی کوردی.

سـێهەم: ڕێککەوتننامـەی ڤییەننـای سـاڵی ١٩٦١ بـۆ پەیوەندییـە دیپلۆماسـییەکان. سـەرچاوەیەکی زۆر گرنگـی پەیوەندییـە دیپلۆماسـییەکانە، لەسـەر ئاسـتی جیهاندا وەک یاسـای دیپلۆماسی چـاوی لـێ دەکـرێ و کاری پێ دەکرێـت. بەهۆی ئـەوەی لە لایەن ڕێکخـراوی نەتەوەیەکگرتووەکانـەوە پەسـەند کـراوە، سـیفەتێکی گەردوونی وەردەگرێت و پێویستە دەوڵەتان پێوەی پابەندبن.

ئـەم ڕێککەوتننامەیـە بەشـێوەیەکی بـاش کاری دیپلۆماسـی و وردەکارییەکانـی، هەروەهـا مـاف و ئیمتیاز و حەسـانەی یاسـایی دیپلۆماتەکانی ڕوونکردۆتەوە.

زۆر گرنگـە کەسـانی سیاسـەتکار و دیپلۆمـات و خوێندکارانـی بەشـی پەیوەندییە دیپلۆماسـییەکان، ئەم ڕێککەوتننامەیە بخوێننەوە و شـارەزای مادەکانـی ببـن، لەبەر ئـەوەی سـوودێکی زۆریان پێ دەگەیەنێت وهاوکار و بەرچاو ڕوونی دەبێت بۆ کاری ئایندەیان.

# سەرچاوەکان:

١. ڕێککەوتننامەی ڤییەننا بۆ پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان- ساڵی ١٩٦١ وەرگێڕانی هەڤاڵ نەژاد
٢. تاريخ الدبلوماسية. بقلم د. حنان اخميس\ لەم ماڵپەڕە وەرگیراوە لە ١٤-١-٢٠١٢
http://www.asharqalarabi.org.uk/markaz/m_abhath-t-1.htm
٣. الدبلوماسية و البروتوكول- د.سموحي فوق العادة لە هەمان ماڵپەڕ و هەمان کات وەرگیراوە.
٤. کتێبی دیپلۆمات و دیپلۆماسی. نووسینی بەرهرۆز گەلاڵی
٥. دەستووری هەمیشەیی کۆماری عێراقی فیدراڵ لە ساڵی ٢٠٠٥
٦. ماڵپەڕی فەرمی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان http://www.dfr.krg.org/
٧. البدلوماسی http://www.aldiplo.net/diplomacy.htm
٨. ویکیپیدیای ئازاد بە زمانی ئینگلیزی ( بەهاوکاری وەرگێڕانی گوگڵ) http://en.wikipedia.org/wiki/Diplomat
9. Public International Law- Dr.Salah Edin Ahmed Hamadi
١٠. ژیاننامەی شێخ مەحموودی حەفید – ماڵپەڕی خۆزگە- لە ١٢-٥-٢٠١٢ وەرگیراوە http://www.xozga.com/nawdaran/index.php/hemerreng/3127
١١. ژیاننامەی حەپسەخانی نەقیب- ماڵپەڕی خۆزگە- لە ١٢-٥-٢٠١٢ وەرگیراوە http://www.xozga.com/nawdaran/index.php/hemerreng/3117
١٢. ژەنەڕاڵ شەریف پاشای خەندان، یەکەم سیاسەتکار کە داوای دەوڵەتی

سەربەخۆی بۆ کوردستان کردووە. نووسینی هەڤاڵ نەژاد HTTP://WWW.HEVALNAME.BLOGSPOT.COM/2011/12/BLOG-POST_27.HTML
١٣. بڕیاری ژمارە ١٤٣ ئەنجوومەنی وەزیرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لە لە ٢٩-١-٢٠٠٩
١٤. بڕیاری ژمارە ٢٢ی دانیشتنی ژمارە ٣٨ی رۆژی ٤-١٠-١٩٩٢ بۆ راگەیاندنی فیدراڵیەتی هەرێمی کوردستان.
١٥. البروتوكول (دیبلوماسیة) لە وێکپیدیای ئازادی عەرەبی HTTP://AR.WIKIPEDIA.ORG/WIKI لە ١٤-١-٢٠١٢ وەرگیراوە.
١٦. كتاب البروتوكول الدبلوماسی. د.علاو ابو عامر- دار الشرق.
١٧. دیمانەی شەفیق قەزاز، نوێنەری شۆرشی ئەیلول لە ئەمریکا لە گۆڤاری لیڤین، ژمارە ٦٨ی ١-٦-٢٠٠٨ بڵاوکراوەتەوە.
18. Vienna Convention on Diplomatic Relations in 1961- By Eileen Denza- Professor of International Law

# پاشکۆ

## ڕێککەوتننامەی ڤییەننا بۆ پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان- ساڵی ١٩٦١

سەرنج: لەبەر گرنگی ڕێککەوتننامەکە، پێم باشە وەک پاشکۆیەک لێرەدا بڵاوی بکەمەوە. دیارە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ڕێککەوتننامە لە ڕووی یاساییەوە ئەوەیە کە زمانی ڕێککەتننامەکە دیاری دەکرێت. بەگوێرەی مادەی ٥٢ ی ڕێککەوتننامەکە هەر یەکە لە زمانەکانی (ئینگلیزی، چینی، ئیسپانی، فەرەنسی، رووسی) زمانی فەرمی ڕێککەوتننامەکەن، منیش لە زمانی عەرەبییەوە وەرمگێڕاوە، ئەمەش بۆ خۆی کەموکوڕییەکە لە ڕووی وەرگێڕانەوە کە لە زمانە سەرەکییەکانی ڕێککەوتننامەکەوە نەکراوە بە کوردی. جگە لەوەی دەکرێ وەرگێڕانەکەی منیش کەموکوڕی هەبێ.

**ڕێککەوتننامەی ڤییەننا بۆ پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان- ساڵی ١٩٦١**

**دەوڵەتانی بەشدار لەم ڕێککەوتننامەیە:**

وەک دەزانرێت لە مێژوویەکی دوورەوە میللەتان لە هەموو وڵاتانەوە دانیاننــاوە بە سیســتەمی نوێنەرانی دیپلۆماســی و، دەزانن ئامانج و

بنەماکانــی بەڵگەنامەی دەســتەی نەتەوەیەکگرتووەکانــی تایبەتە بە یەکســانی لە مافی ســەروەری هەمــوو دەوڵەتــان و ، پارێزگاری لە ئاشــتی و تەناهی نێودەوڵەتان و، گەشەپێدانی پەیوەندیی دۆستایەتی نێوان نەتەوەکان.
ئەمــە ئەو بڕوایــەی پێ هێناین، کــە ڕێککەوتننامەیەکــی نێودەوڵەتی لەمەڕ پەیوەندی و ماف و (حەسانە) دیپلۆماسی، هاوکاریمان دەکات بۆ باشتر بوونی پەیوەندی دۆستایەتی نێوان وڵاتەکان، کە بنیاتنراون لەسەر سیستەمی دەستووری و کۆمەڵایەتی جۆراوجۆر.
ئەمەش لەســەر بڕوای تەواومان بەوەی کە مەبەســت لە حەســانەی دیپۆلماســی، جیاوازی کردن نییە لە نێــوان مرۆڤەکان، بەڵکو دڵنیایی دەدات بە نێردە دیپلۆماســییەکان، بۆ ئەوەی کارەکانیان بە باشــترین شێوە بەڕێوەبەرن و نمایشی دەوڵەتەکانیان بکەن.
هەروەها لەبارەی ئەو پرســانەی کە لە خاڵەکانی ئەم ڕێککەوتننامەیە بــە شــێوەیەکی روون دیاری نەکــراون، جەخت لەســەر بەردەوامی جــێ بەجــێ کردنــی بنەماکانی یاســای نێودەوڵەتی کــۆن (تەقلیدی) دەکەینەوە.

## ڕێککەوتین لەسەر ئەوەی:

■ مادەی یەک
مەبەســت لەم دەستەواژە دیاریکراوانەی ناو ئەم ڕێککەوتننامەیە بەم شێوەیە:
١-زاراوەی (سەرۆکی نێردە) ئەو کەسەیە کە دەوڵەتێکی باوەڕپێکراو رایسپاردووە بۆ کارکردن بەو ناونیشانە.
٢- زاراوەی ( ئەندامانی نێردە) سەرۆکی نێردە و ئەندامانی دەستەی نێردە دەگرێتەوە.
٣- زاراوەی ( ئەندامانی دەستەی نێردە) ئەندامانی دەستەی دیپلۆماسی و دەســتەی کارگێڕی و هونەری و دەســتەی خزمەتگــوزاری نێردە دەگرێتەوە.

٤- زاراوەی ( ئەندامانــی دەســتەی دیپلۆماســی) ئــەو ئەندامانــەی دەستەی نێردە دەگرێتەوە کە سیفەتی دیپلۆماسیان هەیە.
٥- زاراوەی ( نوێنەری دیپلۆماسی) سەرۆکی نێردە و هەر ئەندامێکی دەستەی دیپلۆماسی دەگرێتەوە.
٦- زاراوەی ( دەستەی کارگێڕی و هونەری) ئەو ئەندامانەی دەستەی نێردە و دەگرێتەوە کە هەڵدەســتن بــە کاری کارگێڕی و هونەری لە نێردە.
٧- زاراوەی ( دەســتەی خزمەتگوزاری) ئەندامانی دەستەی نێردە کە خزمەتگوزارییەکان پێک دەهێنن.
٨- زاراوەی ( خزمەتگــوزار-ی تایبــەت) ئەوانــە دەگرێتــەوە کە کار دەکــەن لە کارە خزمەتگوزارییەکانی نێردە و خزمەتگوزاری دەوڵەتی باوەڕپێکراو (میوان) نین.
٩- زاراوەی ( باڵاخانــەکانی نێردە) دەزگاگــەل و باڵەخانە و زەوی پاشــکۆ، کە نێردە بــەکاری دەهێنێــت، یاخود خاوەنیەتــی، هەروەها شوێنی نیشتەجێ بوونی سەرۆکی نێردەش.

■ مادەی دوو

پەیوەنــدی نێودەوڵەتــی بنیــات دەنرێت لە نێوان دەوڵەتــان و، نێردە دیپلۆماسی هەمیشەیی دەنێردرێت بەگوێرەی رێکەوتنی دوو لایەنەی نێوان دەوڵەتەکان .

■ مادەی سێ

کاری نێردەی دیپلۆماسی ئەمانە دەگرێتەوە:
١- نوێنەرایەتــی دەوڵەتی باوەڕپێکراو لــەو دەوڵەتە باوەڕپێکراوەی لێیەتی.
٢- پارێــزگاری لە دەوڵەتــە باوەڕپێکراوەکــەی، هەروەها رێزگرتنی بەرژوەنــدی دەوڵەتــی خانەخــوێ، لــە چوارچێوەی ئەوەی یاســای نێودەوڵەتی دیاری کردووە.
٣- دانوســتاندن لەگەڵ حکوومەتی ئەو دەوڵەتە باوەڕپێکراوەی بۆی نێردراوە.
٤- کۆکردنەوەی زانیاری بە هەموو رێگە ڕەواکان لەسەر بارودۆخ و

پێشکەوتن و ڕووداوەکان لەو دەوڵەتە باوەڕپێکراوەی بۆی نێردراوە و ئامادەکردنی راپۆرت لەسەر حکوومەتی دەوڵەتە باوەرپێکراوەکان.
٥- دروستکردنی پەیوەندییەکی دۆستانە و گەشەپێدانی پەیوەندی ئابووری، رۆشنبیری و، زانستی، لە نێوان هەردوو دەوڵەتی باوەڕپێکراو.
٦- هیچ یەک لە خاڵەکانی ئەم رێککەوتننامەیە وا لێک نادرێتەوە کە رێگە لە نێردە دەگرێ بۆ ڕاپەڕاندنی کارە دیپلۆماسییەکانی کونسوڵخانە.

■ مادەی چوار

پێویستە دەوڵەتی باوەڕپێکراوی یەکەم، دڵنیا بێت لە وەرگرتنی رەزامەندی دەوڵەتی باوەڕپێکراوی دووەم، پێش ئەوەی سەرۆکی نێردە دیاری بکرێت یا بنێردرێت بۆ دەوڵەتی دووەم. دەوڵەتی باوەڕپێکراوی دووەم ناچار نییە هۆکارەکانی قبوڵ و رەفزی نوێنەری دەستینیشانکراوی دەوڵەتی باوەڕپێکراو بخاتە ڕوو.

■ مادەی پێنج

دەوڵەتی باوەڕپێکراو ( دوای راگەیاندنی دەوڵەتە تایبەتمەندە باوەڕپێکراوەکانی دیکە) داندەنرێت بە سەرۆکی دەستە یان دانانی ئەندام لە دەستەی دیپلۆماسی بە گوێرەی بارودۆخ ( لە هەندێ دەوڵەت) تەنها لە کاتێکدا نەبێت کە دەوڵەتێکی باوەڕپێکراو رەخنەی لێ بگرێت بە شێوەیەکی ڕوون.
ئەگەر دەوڵەتی باوەڕپێکراو رازی بوو بە سەرۆکی نێردە ئەو دەوڵەتە یا ئەو دەوڵەتانەی بۆی نێردراون، دەتوانێت نێردەی دیپلۆماسی لەبەرامبەردا درووست بکات، بەمەبەستی کاری نێردەی لە هەموو دەوڵەتەکان.
دەگونجێ کە سەرۆکی نێردەی یا هەر ئەندامێکی دەستەی دیپلۆماسی ئەندامی رێکخراوێکی نێودەوڵەتی بێت.

■ مادەی شەشەم

دەکرێت هەندێک لە دەوڵەتەکان، هەمان سەرۆکی نێردەی خۆیان بۆ دەوڵەتێکی دیکە دیاری بکەن، تەنها لە حاڵێکدا نەبێ کە دەوڵەتی

باوەڕپێکراوی دووەم بەرهەڵستی ئەم دیاریکردنە بکات.

■ مادەی حەوتەم

بــە ڕەچاوکردنی دەقی مــادەکای ( ٨، ٩، ١١) دەوڵەتــی باوەڕپێکراو دەتوانــێ ئەندامانــی دەســتەی نێــردەی خــۆی دەستینیشــان کات، بەهەمانشــێوە دەتوانێ پاشکۆکانی ســەربازی و دەریایی و ئاسمانی دیاری بکات.

لەســەر دەوڵەتی باوەڕپێکراو پێویستە ناوەکانیان پێشکەش بکات بۆ وەرگرتنی ڕەزامەندی نیشاندان لەسەر وەرگرتنیان.

■ مادەی هەشتەم

بەگوێــرەی ئــەو بنەمایەی کە ئەندامانی دەســتەی نێردەی پێویســتە هەڵگری ڕەگەزنامەی دەوڵەتە باوەڕپێکراوەکەی بێت.

نابێ کەســێک دیــاری بکرێت بۆ ئەندامی دەســتەی نێــردە لە وڵاتی دووەم، ئەگەر کەســەکە خــۆی هەڵگری ڕەگەزنامــەی وڵاتی دووەم بێــت، تەنها لە حاڵێکدا دەبێ ئەگــەر دەوڵەتەکە خۆی ڕازی بێت. هەر کاتێکیش بیەوێت، دەتوانێ ڕەزامەندی نیشاندانی هەڵبوەشێنێتەوە.

هەروەهــا لەســەر دەوڵەتی باوەڕپێکــراوی دووەم پێویســتە هەمان هەڵسوکەتی هاوڵاتیانی دەوڵەتی سێهەمی لەگەڵ بکات ، نەک دەوڵەتی یەکەم.

■ مادەی نۆیەم

دەوڵەتــی خانەخــوێ لە هــەر کاتێکــدا دەتوانــێ بەبــێ دیاریکردنی هــۆکارەکان، دەوڵەتــی میوان ئاگادار بکاتەوە لەوەی کە ســەرۆک یا ئەندامی دەستەی دیپلۆماسی یا هەر ئەندامێکی نێردەکەی لای ئەوان پەســەند نییە. لەســەر دەوڵەتی میوان پێویستە ئەو کەسە ناپەسەندە بگێرێتــەوە بــۆ وڵاتەکەیی و کۆتایــی بەکارەکانی لە نێــردەی وڵاتی خانەخوێ بهێنێت پێش گەڕانەوەی.

ئەگــەر دەوڵەتــی میــوان ڕەتــی کــردەوە یــان بڕگــەی یەکەمی ئەم مادەیەی جێ بەجێ نەکرد لە ماوەیەکی گونجاودا. دەوڵەتی خانەخوێ دەتوانێ بەفەرمی ناســینی کەسی ناپەســەند لە نێردەی وڵاتی میوان هەڵبوەشێنێتەوە و سیفەتی فەرمی لێوەربگرێتەوە.

■ مادەی دەیەم
یەکەم: ئاگاداربوونـــی وەزارەتی دەرەوەی وڵاتی خانەخوێ یان هەر وەزارەتێکی دیکە بەگوێرەی رێککەوتن لە:
١- لـــە دیاریکردنی ئەندامانی نێردە، بە گەیشـــتنیان و گەڕانەوەیان و کۆتایی هاتنی کارەکانیان لە نێردە.
٢- بە گەیشـــتن و رۆشـــتنی کۆتایی کەسی ســـەر بە خێزانی ئەندامی نێردە. هەروەها هەر کەسێکی دیکەی نا پەیوەست بە خێزانی ئەندامی نوینەرایەتی.
٣- بە گەیشـــتن و رۆشـــتنی کۆتایی ئەو خزمەتگـــوزارە تایبەتییانەی کار دەکەن لەگەڵ ئەو کەســـانەی لە برگەی (١) ئاماژەیان پێ کراوە. هەروەها لە کاتی نەمانیان لەسەر کارەکانیان.
٤- لـــە بـــەکار خســـتن و لەکارخســـتنی کەســـانی نیشـــتەجێی وڵاتی خانەخوێ، ئەو کەســـە لـــە ئەندامانی نێردە بێت یا لە هەر شـــوێنێکی نێردە خزمەت بکات.
دووەم: ئاگادارکردنەوەی پێش وەخت، لەبارەی گەیشـــتن و رۆشتنی کۆتاییەوە لە هەموو ئەو حاڵەتانەدا کە دەگونجێ.
■ مادەی یازدە
لەکاتـــی نەبوونـــی رێککەوتن لەســـەر قەبـــارەی نێـــردەی - دەوڵەتی خانەخـــوێ ناچارە بـــە رازای بوون لەســـەر قەبارەیەکـــی دیاریکراو لە چوارچێوەی ســـنووری ئاســـایی و پەســـەند- لەگەڵ رەچاوکردنی بارودۆخی دەوڵەتەکە و قەبارەی پێویستی دەوڵەتەکە بە نێردەی. بۆ دەوڵەتی خانەخوێش بەهەمان شێوە لە دەوڵەتی میواندا.
■ مادەی دوازدە
نابـــێ دەوڵەتـــی میوان، بـــێ وەرگرتنی رەزامەندی وڵاتـــی خانەخوێ نووســـینگەی تایبەتی ســـەر بە نێردە بکاتەوە لە شـــوێنی دیکە، جگە لەوانەی لە نێردە هەن.
■ مادەی سیازدە
ســـەرۆکی نێردەی هەر وڵاتێک ئەو کاتە ســـیفەتی نێردراوی فەرمی وەردەگرێت کە دانی پێدا دەنرێت لەلایەن ئەو وڵاتەی کە بۆی نێردراوە،

ئەویش دوای ئەوەی کە دۆسیەی دانپێدانانەکەی رەوانەی وەزارەتی دەرەوەی ئــەو وڵاتە دەکات و ئەوانیش دۆســیەی باوەڕپێکردنی پێ دەبەخشن. یان هەمان ئەو کارانەی سەرەوە دەکات لەگەڵ وەزارەتێکی دیکــە بەگوێــرەی رێککەوتنی نێــوان هەردوو وڵاتەکــە و بەگوێرەی رێساکانی ئەو وڵاتەی کە ئەو نێنەرەی بۆ دەنێردرێت.

■ مادەی چواردە

سەرۆکانی نێردە سێ چینن:

١- چینــی باڵوێــزەکان و باڵوێزەکانــی پاپــا، نێردراوانی ســەرۆکی دەوڵەتەکان و کەسانی تر کە لە هەمان چینن.

٢- چینــی نوێنــەران – وەزیــران- وەزیرانــی پاپا و رێگــە پێدراوە باوەڕپێکراوەکانی سەرۆکی وڵاتان.

٣- چینــی دیاریکــراوان بــۆ کارەکانــی تایبــەت بــە وەزارەتەکانــی دەرەوە.

هەروەهــا هیــچ جیاوازییەک لە نێوان ســەرۆکانی نێــردەکان نییە لە چینەکانی خۆیان، تەنها کەسانێک نەبێ بەگوێرەی لە پێشنیەییان.

■ مادەی پانزدە

دەوڵەتان لە نێوان خۆیاندا رێککدەکەون لەســەر ئاستی سەرۆکایەتی نێردەکان.

■ مادەی شانزدە

لــە پێشــبوونی ســەرۆکانی نێــردەکان بەگوێــرەی مێــژوو و کاتــی وەرگرتنی پلەکانیان دەبێت، بەگوێرەی ئەوەی لە مادەی (١٣) باســی کراوە. دەســتکاری کردن لە دۆســیەی دانپێدانانی ســەرۆکی نێردە، چین و لە پێشینەیی ناگۆڕێ.

ئەم مادەیە گاریگەری نییە لەسەر نەریتی پێشووی دەوڵەتی خانەخوێ، لەسەر لە پێشینەیی نێردەکان، وەک کورسی پاپا.

■ مادەی حەڤدە

سەرۆکی نێردە، وەزارەت دەرەوە یا وەزارەتی دیکە ئاگادار دەکاتەوە لە لەپێشینەیی دەستەی دیپلۆماسی نێردەکەی.

■ مادەی هەژدە

لـــە هەموو وڵاتان بەشـــێوەیەکی یەکگرتووانە پێشـــوازی لە نوێنەر و نێردەی وڵاتان دەکرێت.

■ مادەی نۆزدە

لە کاتی نەبوونی ســـەرۆکی نێردەی - یان ســـەرۆکی نێردە نەیتوانی راســـتەوخۆ کارە نێردەکـــەی ئەنجـــام بـــدات بـــە شـــێوەیەکی کاتی- سەرۆکی نێردە ناوی نوێنەری کاتی رادەگەیەنێت- ئەگەر پێچەوانەوە بوو، وەزارەتـــی دەرەوەی دەوڵەتی باوەڕپێکراو، وەزارەتی دەوڵەتی خانەخوێ، یا هەر وەزارەتێکی دیکە کە لەسەری رێککەوتوون ئاگادار دەکاتەوە.

لەکاتی نەبوونی ئەندام لە دەســـتەی دیپلۆماســـی لە نێردە، پێویســـتە دەوڵەتی باوەڕپێکراو بە رەزامەندی دەوڵەتی باوەڕپێکراوی خانەخوێ، کەسێک لە دەستەی کارگێڕی  یا هونەری، دیاری بکات.

■ مادەی بیست

نوێنەر و سەرۆکی نێردە مافی هەڵکردنی ئاڵای نیشتمانی و دروشمی دەوڵەتە باوەڕ پێکراوەکەی هەیە، لەسەر شوێنی نوێنەرایەتی و شوێنی نیشـــتەجێ بوونی سەرۆکی شـــاندەکە، هەروەها لەسەر ئامرازەکانی هاتووچۆش.

■ مادەی بیست و یەک

پێویســـتە لەســـەر دەوڵەتـــی خانەخـــوێ – لـــە چوارچێوەی یاســـا- ئاسانکاری بۆ دەوڵەتی باوەڕپێکراوی میوان بکات لە خاکی خۆیدا بۆ بناتنانی نێردە و پێویســـتییەکانی. هەروەها ئاسانکاری بۆ دابینکردنی شوێنی گونجاو بۆ ئەندامانی نێردە.

■ مادەی بیست و دوو

مانەوەی نێردە بـــە ئارامی. نوێنەری حکوومەتی خانەخوێ بۆی نییە دەســـتوەرداتە نـــاو نێردە میوان، تەنها لە حاڵێکـــدا نەبێ ئەگەر لەگەڵ سەرۆکی نێردەکە رێککەوتن هەبێت.

لەسەر حکوومەتی خانەخوێ پێویستە پاپەند بێت بە هەموو مافەکانی نێردەی میوان و دوور بێت لە زیانگەیاندن بە  نێردە.

نابێت دەوڵەتی خانەخوێ بەهیچ شێوەیەک دەستبگرێ بەسەر کەلوپەل

و ئامرازەکانی هاتووچۆ و هەموو ئەو شــتانەی لەناو نێردەی وڵاتی میوان هەیە، یاخود بی پشکنێت.

■ مادەی بیست و سێ

نێردەی وڵاتی میوان لە هەموو باجە گشتی و هەرێمی و شارەوانییەکان دەبەخشرێت، تەنها لە حاڵێکدا دەیدات ئەگەر باجەکە بەهۆی خزمەتێکی تایبەتییەوە بێت.

ئــەم بەخشــینەی لەم مادەیــەدا هاتووە، بەگوێرەی یاســای دەوڵەتی خانەخوێ، جێ بەجێ ناکرێ لەســەر ئەو کەســەی هاوکاری دەکات لەگەڵ دەوڵەتی میوان و یا سەرۆکی نێردەکەی.

■ مادەی بیست و چوار

بەڵگەنامــەکان و پارێزراوەکانــی نێــردە لە هەموو کات و شــوێنێکدا پارێزراون.

■ مادەی بیست و پێنج

دەوڵەتی خانەخوێ هەموو ئاســانکارییەک بــۆ نێردە دەوڵەتی میوان دەکات، بۆ جێ بەجێ کردنی کارەکانی.

■ مادەی بیست شەش

لەو شــوێنانە نەبێت کە بە گوێرەی یاســای وڵاتی خانەخوێ چوونە ناوەوەیــان رێگە پێ نەدراوە، بەهۆی هۆکاری ئاسایشــی نەتەوەیی، هەمــوو ئەندامانــی نێردە وڵاتی میوان، ئــازادن لە هاتووچۆ لە خاکی دەوڵەتی خانەخوێ.

■ مادەی بیست و حەوت

دەوڵەتی میوان ئازادە لە هەناردنی هەموو ئەو شــتانەی پەیوەندییان بە کاری فەرمی نێردەوە هەیە. هەروەها دەتوانێت پەیوەندی بکات بە حکوومەتەکەی خۆیەوە و، نێردە و کونسولگەری وڵاتەکان. هەروەها دەتوانــێ هەموو رێگەکانی پەیوەندیکردن بــەکار بهێنێت- لە نێویاندا بەکارهێنــان و هەڵگرتنــی فایلی دیپلۆماســی و هەناردنــی بە هێمای تایبەت- لەگەڵ ئەوەشــدا ناتوانێت وێســتگەی رادیۆیــی بەکار بێنێت بۆ ناردنی پەیامەکانی، لە حاڵێکدا نەبێ کە حکوومەتی خانەخوێ پێی رازی بێت.

هەنــاردە فەرمییەكانــی نێــردە پارێــزراون، دەســتەواژەی هەناردە فەرمییەكان، واتە هەموو هەناردەكانی پەیوەندیدار بە كارەكانی نێردە. هەروەها پارێزراون و سەیرناكرێن لە لایەن دەوڵەتی خانەخوێوە.

هەڵگرتنی جانتا یا فایلی دیپلۆماســی دەبێ نیشــانەیەكی پێوەبێت بۆ دەرخســتنی- ئەمە بەڵگەنامە دیپلۆماسییەكان و كەلوپەلی نێردراو بۆ كاروباری فەرمی دەگرێتەوە.

هەڵگــری جانتــا یا فایلی دیپلۆماســی، بەڵگەیەكی فەرمــی پێ بێت كە ســیفەتی دیپلۆماسی دەربخات، كە لەكاتی بەجێهێنانی ئەركەكانیدا لە ناردنیــدا بۆ وڵاتی خانەخوێ پارێزراوە. هەروەها ملكەچ نییە بۆ هیچ پشكنین و دەستبەسەرداگرتنێک.

پێویســتە دەوڵەتــی میوان یا نێردەكــەی هەڵگری فایلی دیپلۆماســی دەستنیشــان بكات. لەم حاڵەتەدا بڕگەی پێنجی ئەم مادەیە جێ بەجێ دەكرێ. هەروەها لەگەڵ ڕەچاو كردنی ئەو حەسانەی كە دیاریكراوە تــا ئــەو كاتەی شــتە نێــردراوەكان دەگاتە دەســت ئەوانــەی بۆیان نێردراوە.

دەكــرێ هەنــاردە دیپلۆماســییەكان لە ڕێگەی ســەركردەی فرۆكەی بازرگانــی ڕێگەپێدراو بنێردرێ، بەمەرجێ بەڵگەنامەی فەرمی هەبێت و دیــاری بكات كە چی نێــردراوە. هەروەها ئەوەی كە نێردراوەكانی (ســەرۆكی فرۆكە) پێیە نابێتە كەسێكی دیپلۆماسی. هەروەها لەسەر نێردە پێویستە راستەوخۆ ئەندامێكی بنێرێت بۆ وەرگرتنی نێردراوەكان لە سەركردەی فڕۆكەكە.

■ مادەی بیست و هەشت

بەخشــینی نێردە لە باج و فەرمانە (رســوومات) لە كاتی ئەنجامدانی كاری فەرمی نێردە ، لە هەموو جۆرەكانی باج و فەرمانە.

■ مادەی بیست نۆ

كەسی نێردراوی دیپلۆماسی پارێزراو دەبێ – نابێ بە هیچ شێوەیەک دەستبەســەر یــا قۆڵبەســت بكرێت- پێویســتە دەوڵەتــی خانەخوێ بەرێزەوە مامەڵە لەگەڵ نوێنەری دیپلۆماســی بكات و ئاسانكاری بۆ بكات لە بەركارهێنانی هەموو مافەكانی.

■ مادەی سی
نوینەری دیپلۆماسی لە شوێنی نیشتەجێ بوونی تایبەت پارێزراو دەبێت، وەک ئەوەی شوێنی نێردە دەپارێزرێت. مافی پارێزراویش بەڵگەنامە و هەنارەکان دەگرێتەوە، هەروەها گرێدراوەکانی نوێنەری دیپلۆماسی، بەرەچاوکردنی بڕگەی (٣) مادەی ٣١.

■ مادەی سی و یەک
١- نوێنەری دیپلۆماسی مافی حەسانەی دادوەری هەیە و لەکاتی روودانی تاوان ناگیرێت، لە وڵاتی خانەخوێ. هەروەها حەسانەی مەدەنی و کارگێڕیشی هەیە. لە حاڵێکدا نەبێ ئەگەر پەیوەندیدار بێت:
أ- ئەگەر داوایەکی تایبەتمەند بە بابەتێکەوە هەبێت، بۆ نموونە لەسەر زەوی و زاری تایبەتی لە خاکی وڵاتی خانەخوێ. لە حاڵێکدا نەبێ کە کاری نوێنەری دیپلۆماسی بۆ هەژماری (حساب) تایبەتی دەوڵەتەکەی خۆی بێت و تایبەت بێ بە کاری نێردە.
ب- ئەگەر داوایەکی تایبەتی بە میرات هەبوو، کە دەکرێ تێیدا نوێنەری دیپلۆماسی جێ بەجێکاری میرات بەخشین یا بەرێوەبەری میرات بەخشین بێت، یاخود خۆی میراتگر و جێ بەجێکاری وەسیەت بێ، هەڵبەت ئەمە دەبێ بەناوی خۆیەوە بێت، نەک دەوڵەتەکەی.
ج- ئەگەر داوا یاساییەکە پەیوەندی بە کارێکی جیاواز لە کاری دیپلۆماسی بێت، بۆ نموونە چالاکی بازرگانی، کە لە دەرەوەی چوارچێوەی کاری نێردە بێت.
٢- نوێنەری دیپلۆماسی ناچار بە شەهادە ( مەبەست شەهادەی یاساییە نەک بروانامە) دان ناکرێت.
٣- هیچ رێوشوێنێک ناگیرێتە بەر لە دژی نوێنەری دیپلۆماسی، تەنها لەو حاڵەتانەدا نەبێ کە لە برگەکانی ( أ، ب، ج) لە بەندی (١) ئەم مادەیەدا هاتوو، ئەویش بە مەرجی ئەوەی زیان نەگەیەنێت بە کەسی دیپلۆمات و شوێنی نیشتەجێ بوونی.
٤- ملکەچ نەبوونی بۆ دادوەری وڵاتی خانەخوێ، نابێتە بەخشین لە ملکەچبوونی لە دادوەری وڵاتەکەی خۆی.

■ مادەی سی و دوو
دەوڵەتی میوان دەبێ سازش لەسەر حەسانەی دادوەری نوێنەرەکانی و ئەو کەسانەی سوودمەندن لە حەسانە بەگوێرەی مادەی ٣٧ پێویستە بە ئاشکرایی سازش بکات.
ئەگەر نوێنەری دیپلۆماسی یا ئەو کەسەی سوودمەندە لە بەخشین لە دادوەری حەسانەی لەسەر هەڵگیرا بەگوێرەی مادەی (٣٧) دوای ئەوە بەهیچ هۆکارێک سوودمەند نابێتەوە لە حەسانەی دادوەری و بەگوێرەی سکاڵا رەفتاری لەگەڵ دەکرێ.
سازش کردن لەسەر حەسانەی دادوەری لەمەڕ سکاڵای مەدەنی و کارگێڕی ئەوە ناگەیەنێ کە سازش لەسەر حەسانە کراوە، سەبارەت بە ڕێوشوێنی جێنەجێکردنی ئەو بریارانەی سازشی لەسەر دەکرێ.
■ مادەی سی و سێ
لەگەڵ ئەوەی لە بڕگەی سێهەمی ئەم مادەیەدا هاتووە - بۆ ئەو خزمەتگوزارییانەی کە دەوڵەتی میوان پێی هەڵدەستێ- نوێنەری دیپلۆماسی دەبەخشرێت لە ئەحکامە قانوونییەکانی دڵنیایی کۆمەڵایەتی لە دەوڵەتی خانەخوێ.
هەروەها بەگوێرەی ئەو بەخشینەی لە برگەی یەکەمی ئەم مادەیەدا هاتووە، ئەو کەسە تایبەتییانەی کار بۆ نوێنەری دیپلۆماسی دەکەن، بەهەمانشێوە دەبەخشرێن، بەمەرجێک:
- نابێ هاوڵاتی وڵاتی خانەخوێ بن یا مافی مانەوەی هەمیشەییان هەبێ.
- پێویستە ملکەچ بن بۆ یاساکانی دڵنایی کۆمەڵایەتی، بەگوێرەی دەوڵەتی سێهەم.
- ئەگەر نوێنەری دیپلۆماسی کار بە کەسانێک بکات کە بەخشینە دیاریکراوەکانی برگەی دووەمی ئەم مادەیەیان بەسەردا جێ بەجێ ناکرێ، ڕێز بگرێ لەو ئەرکانەی لە یاساکانی دڵنیایی کۆمەڵایەتی دیاریکراوە لەسەر کەسی خاوەن کار لە دەوڵەتی خانەخوێ.
- بەخشینی دیاریکراوی بەندەکانی ١ و ٢ ی ئەم مادەیەدا ڕێگە ناگرێ لە هەڵبژاردنی ئازادانەی سیستەمی دڵنیایی کۆمەڵایەتی لە

دەوڵەتی خانەخوێ بەگوێرەی یاساکانی ئەو وڵاتە.
- حوکمەکانی ئەم مادەیە کاریگەری ناکاتە سەر ئەو رێککەوتنە دوولایەنە و چەند لایەنەی تایبەت بە یاسای دڵنیایی کۆمەڵایەتی، کە لە رابردوودا ئەنجام دراون، یاخود ئەوانەی لە داهاتوودا ئەنجام دەدرێن.

■ مادەی سی و چوار

نوێنەری دیپلۆماسی دەبەخشرێت لە هەموو باج و فەرمانەیەک ( کەسی و دیاریکراوی) گشتی و تایبەتی بە ناوچەکان و لایەنەکان، بە ریزپەڕی (ئیستیسناء):
ا- ئەو باجە نا راستەخۆیانەی بە سرووشتی خۆیان تێکەڵ دەبن بە نرخی کاڵاو خزمەتگوزارییەکان.
ب- ئەو باج و فەرمانە پێویستانەی لەسەر زەوی و خانووبەرەن لە خاکی دەوڵەتی خانەخوێ، تەنها لە حاڵێکدا نەبێ کە نوێنەری دیپلۆماسی بۆ هەژماری دەوڵەتی خۆی و لە چوارچێوەی کاری نێردە بەکاریان بهێنێت.
ج- باجی میرات، کە دەوڵەتی خانەخوێ وەری دەگرێت بە رەچاوکردنی حوکمەکانی برگەی چواری مادەی ٣٩.
د- باج و فەرمانەی داهاتی تایبەتی کە بەدەستهاتووە لە دەوڵەتی خانەخوێ، هەروەها باجە پێویستەکانی سەرمایەگوزاری و وەبەرهێنان و پرۆژە بازرگانییەکان لە دەوڵەتی خانەخوێ.
هـ - باج و فەرمانە، کە بۆ خزمەتگوزارییەکی تایبەت وەردەگیرێت.
و- باجی تۆمارکردنی رەهن و فەرمانەی تایبەت بە موڵکی تۆمارکراو، بەمەرجێک رەچاوی حوکمەکانی مادەی ٢٣ بکرێت.

■ مادەی سی و پێنج

پێویستە دەوڵەتی خانەخوێ، نوێنەرانی دیپلۆماسی ببەخشێ لە هەموو پشکدارییەکی تاکەکەسی و هەموو خزمەتگوزارییە گشتییەکان، بێ رەچاوکردنی سرووشتی خزمەتگوزارییەکە. — هەروەها لە هەموو کردەیەکی سەربازی وەک و دەستگیرکردن- یان بەشداریکردن لە کارێک، یا لە خانە سەربازییەکان.

■ مادەی سی و شەش

لەگـەڵ جێ بەجێکردنی دەقی یاسـایی و ڕێنمایـی کە دەتوانن دەری بکـەن- دەوڵەتـی خانەخوێ سەرپشـکە لـە وەرگرتن یا بەخشـینی گومرگـی، هەروەها لە داهـات و فەرمانەکانی دیکە، جگە لە ریزپەڕی (ئیستیسـنا) فەرمانـەی هەڵگرتن و گواسـتنەوە و تێچووی جیاوازی خزمەتگوزارییەکان، وەک:

کەلوپەلی هاوردە بۆ بەکارهێنانی فەرمی نێردە.

کەلوپەلـی هاوردە بۆ بەکارهێنانی تایبەتی نوێنەری دیپلۆماسـی یان ئەو ئەندامانەی خێزانەکەی کە لەگەڵی دەژین.

هەروەها نوێنەری دیپلۆماسی لە پشکنینی جانتا و کەلوپەلی تایبەتی، تەنهـا لـە حاڵێکـدا نەبێ کە هـۆکاری بەهێـز هەبێت بۆ پشـکنین و دڵنیابـن لە بوونی ئەو جۆرە کەلوپەلانەی کـە لەبرگەی یەکەمی ئەم مادەیـەدا نەهاتوون. یان ئـەو کەلوپەلانەی ڕێگە نادرێ بە هاوردە و هەناردە کردنیان بەگوێرەی یاسا و ڕێنمایی دەوڵەتی خانەخوێ. لەم حاڵەتەشـدا لەکاتی ڕێوشوێنی پشکنین پێویستە نوێنەری دیپلۆماسی یا نوێنەرێکی ئامادەبێت، بەبێ ئەوە پشکنین ئەنجام نادرێت.

■ مادەی سی و حەوت

ئەو ئەندامانەی خێزانی نوێنەری دیپلۆماسی کە لەگەڵی لەیەک شوێنی نیشـتەجێبوون دەژین، سـوودمەند دەبن لەو ماف و حەسـانانەی لە مادەکانـی ٢٩ هەتـا ٣٦ دیاریکـراون، بەمەرجێک هاوڵاتـی دەوڵەتی خانەخوێ نەبن.

ئەندامانی دەستەی کارگێڕی و دەستەی هوونەری نێردە و ئەندامانی خێزانەکانیان، ئەوانەی لەگەڵیان دەژین لە یەک شوێنی نیشتەجێبوون – بەمەرجێـک هاوڵاتی دەوڵەتی خانەخـوێ نەبن یان مافی مانەوەی هەمیشەییان وەرنەگرتبێت- سوودمەند دەبن لەو ماف و حەسانانەی لـە مادەکانی ٢٩ هەتا ٣٥ دیاریکراوە. لەگەڵ ریزپەڕی لە حەسـانەی ملکەچ نەبوونی یاسـاییانە لە تایبەتمەندییە مەدەنی و کارگێڕییەکانی دەوڵەتی خانەخوێ- ئەوانەی کە لە بڕگەی ١ی مادەی ٢١ دا هاتوون کە تایبەتە بە هەڵسـوکەتەکانی دەرەوەی کاری فەرمی دیپلۆماسـی.

هەروەهــا ســوودمەند دەبن لــەو مافانەی لــە بڕگــەی (أ) ی مادەی ٣٦ هاتــووە، کــە تایبەتــە بــە کەلوپەلی هــاوردە بەهۆی نیشــتەجێ بوونیانەوە.
ئەو کەســانەی کــە لە دەســتەی خزمەتگوزاری نێــردە کاردەکەن و هاوڵاتی دەوڵەتی خانەخوێ نین، یاخود مافی مانەوەی هەمیشەییان نییە، ســوودمەند دەبن لە حەســانە بەگوێرەی ئەو هەڵسوکەوتانەی دەیکــەن لە چوارچێــوەی کارەکانیاندا. هەروەها دەبەخشــرێن لە باج و فەرمانــە (رســومات) بەگوێــرەی پلەبەندی کارەکانیــان. هەروەها سوودمەند دەبن لەو بەخشینانەی لە مادەی ٣٣ دا هاتووە.
خزمەتگــوزارە تایبەتییەکانــی ئەندامانــی نێــردە ، ئەوانــەی هاوڵاتی دەوڵەتی خانەخوێ نین و مافی مانەوەی هەمیشەییان نییە، سوودمەند دەبن لەبەخشین لە باج و فەرمانە (رسومات) بەگوێرەی پلەبەندی لە کارەکانیاندا. لە هەموو حاڵێکیشدا سوودمەند نابن لە ماف و حەسانە تەنها لەو چوارچێوەیەدا نەبێت کە دەوڵەتی خانەخوێ دیاری دەکات.
هەروەهــا دەوڵەتی خانەخوێ دەتوانێ بەگوێرەی مافی خۆیان لەگەڵ ئــەو کەســانەدا بکات، بە مەرجێــک کاریگەری نەبێ ســەر کارەکانی نێردە.

■ مادەی سی و هەشت

ڕێگە نادرێ بە دەوڵەتی خانەخوێ ماف و حەســانەی زیادە بدات بە نوێنەری دیپلۆماســی، وەک: پێدانی رەگەزنامەی دەوڵەتی خانەخوێ، پێدانــی مافــی مانــەوەی هەمیشــەیی، کە بێ حەســانەی یاســایی و پارێزراوی تاکەکەسییە، تەنها لە حاڵێکدا نەبێ کە نوێنەری دیپلۆماسی هەڵدەستێ بە رەفتارێکی فەرمی لە چوارچێوەی کارەکانیدا.
ئەندامانــی دیکــەی دەســتەی نێــردە و خزمەتگــوزارە تایبەتــەکان، ئەوانەی رەگەزنامەی دەوڵەتی خانەخوێیان هەیە، یان مافی مانەوەی هەمیشــەییان هەیە، سوودمەند نابن لە حەســانەی یاسایی، تەنها لە بارێکــدا نەبێ کــە ئەو دەوڵەتە بڕیــاری لێ دەدات، لەگەڵ ئەوەشــدا دەوڵەتی خانەخوێ هەڵســوکەتی مافپارێزانــە لەگەڵ ئەوانەدا ئەنجام دەدات، بەشێوەیەک کە کاریگەری نەبێت لەسەر کارەکانی نێردە.

■ مادەی سی و نۆ

هەر تاکێک کە سوودمەند بێت لە ماف و حەسانەی یاسایی، تەنها بە هاتنە ناو سنووری دەوڵەتی خانەخوێ بە مەبەستی گەیشتن بە بارەگاکەی، سوودمەند دەبێت لە ماف و حەسانەی یاسایی. بەڵام ئەگەر پێشتر لەناو سنووری وڵاتی خانەخوێ بوو، سوودمەند دەبێت لە ماف و حەسانە لە کاتی دیاریکردی لە لایەن وەزارەتی دەرەوە، یان هەر وەزارەتێکی دیکە بە گوێرەی رێککەوتن لەسەری.

لە کاتی کۆتایی هاتنی ئەرکی ئەو کەسەی سوودمەندە لە ماف و حەسانەی دیپلۆماسی، ئەو ماف و حەسانەیە کۆتایی دێت لە کاتێکدا ئەو کەسە خاکی وڵاتی خانەخوێ بەجێ بهێڵێت، یا لە کاتی کۆتایی ئەرکە رێ پێ دراوەکەی- ئەمە بەردەوام دەبێت، تەنانەت ئەگەر هەستێ بەکارێکی چەکدارانە، لەگەڵ ئەوەشدا حەسانەکەی درێژ دەبێتەوە لەسەر کارەکانی ئەو کەسە لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەم کەسە ئەندامی نێردەیە.

ئەگەر کەسێک لە ئەندامانی نێردە مرد، ماف و حەسانە بۆ ئەندامانی خێزانەکەی بەردەوام دەبێت هەتا کاتێکی گونجاو کە دەوڵەتی خانەخوێ بەجێ دەهێڵن.

لە کاتی مردنی ئەندامێکی نێردە ، یا ئەندامێکی خێزانەکەی کە لەگەڵیدا لە وڵاتی خانەخوێ دەژین و، خاوەنی رەگەزنامەی دەوڵەتی خانەخوێ نییە، یا مافی مانەوەی هەمیشەیی لەو وڵاتە نییە، ئەوا دەوڵەتی خانەخوێ هەڵدەستێ بە ناردنەوەی کەلوپەلەکانی کەسی مردوو. جگە لە ریزپەڕی لەو شتەی لە ژیانیدا لە دەوڵەتی خانەخوێ بوویەتی و دوای مردنی رێگری لە ناردنەوەیان دەکرێ بەگوێرەی یاساکان، وەک میرات لە کەلوپەلەکان بەهۆی ژیانی لە دەوڵەتی خانەخوێ و مردنی لەو دەوڵەتەدا، وەک ئەندامی نێردە یا ئەندامی خێزانی کەسێکی نێردە.

■ مادەی چل

ئەگەر نوێنەری دیپلۆماسی لە خاکی دەوڵەتی سێهەمدا، نەیویست پاسپۆرتەکەی خۆی پێشکەشی مۆر لێدان بکات، بە مەبەستی ئەرکێکی

فەرمی پەیوەندیدار بە کارەکەیەوە، یا ویستی بگەڕێتەوە وڵاتی خۆی، دەوڵەتی سێهەم، هەموو ماف و حەسانە دیپلۆماسییەکانی دەداتێ بۆ پێدا ڕەتبوون یا گەڕانەوەی بەرەو وڵاتی خۆی، بەهەمانشێوە مامەڵە لەگــەڵ ئەندامانی خێزانەکەیی و هاوســەفەرەکانی دەکات و ئەوانیش سوودمەند دەبن لە ماف و حەسانە.

لە حاڵەتی هاوشێوەی ئەوەی لە برگەی یەکەمی ئەم مادەیەدا ئاماژەی پێ کراوە، نابێ دەوڵەتی سێهەم، ڕێگری بکات لە ڕەتبوونی ئەندامانی دەســتەی کارگێڕی و هوونەری نێــردە و ئەندامانی خێزانەکانیان، بە وڵاتەکەیدا.

دەوڵەتــی ســێهەم، ئاســانکاری و هاوکاریان دەکات لە گواســتنەوە و ئامرازەکانــی پەیوەنــدی و پەیوەنــدی ڕەمزی (برووســکە) لەگەڵ وڵاتەکەی خۆی، وەک ئەو مافەی لە وڵاتی خانەخوێ هەیانە. هەروەها هەڵگری جانتای دیپلۆماســی پارێزراو دەبێ بەو شــێوەیەی لە وڵاتی خانەخوێ پارێزراوە.

هەروەهــا ڕێوشــوێنەکانی دەوڵەتــی ســێهەم جــێ بەجــێ دەکرێت وەک ئــەوەی لە بڕگەکانی پێشــوودا هاتووە، ســەبارەت بە نوێنەری دیپلۆماسی. هەروەها لەسەر هەناردە و جانتای دیپلۆماسی کە بەهەر هۆیەک بێ هاتوونەتە ناو خاکی وڵاتی سێهەم.

■ مادەی چل و یەک

لەگەڵ ئەوەی نابێ زیان بە ماف و حەسانەی دیپلۆماسی بگەیەنرێت و دەســتکاری بکرێت، لەسەر کەسانی سوودمەند لە ماف و حەسانە پێویســتە ڕێزی یاسا و ڕێســاکانی وڵاتی خانەخوێ بگرن، هەروەها پێویستە بەهیچ شێوەیەک دەست وەرنەدەنە کاروبارە ناوخۆییەکانی ئەو وڵاتە.

هەموو پرســە فەرمییە ڕێککەوتن لەسەر کراوەکان لە لایەن نێردەوە گوتوبێــژی لەســەر دەکــرێ لەگــەڵ وەزارەتــی دەرەوەی دەوڵەتی خانەخوێ یا هەر وەزارەتێکی دیکە، کە ڕێککەوتنی لەسەر کراوە.

نابــێ باڵەخانــە و شــوێنەکانی نێــردە بــۆ کارێکــی جیاواز لــە کارە فەرمییەکانــی نێردە بــەکار بهێنرێن، کە پێچەوانەیــە لەگەڵ مادەکانی

ئەم ڕێککەوتننامەیە و یاسـای گشـتی نێودەوڵەتـی و، ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکانـی تایبـەت بـە نێـوان هـەردوو دەوڵەتـی میوان و خانەخوێ.

■ مادەی چل و دوو

نابێ نوێنەری دیپلۆماسـی لـە دەوڵەتی خانەخوێ هیـچ چالاکییەکی پیشەیی و بازرگانی بۆ خودی خۆی ئەنجام بدات.

■ مادەی چل و سێ

ئەرکی نوێنەری دیپلۆماسی کۆتایی دێت بە:

ئەگـەر دەوڵەتی میوان، دەوڵەتـی خانەخوێی ئاگادار کردەوە بە کۆتا هاتنی کارەکانی نوێنەری دیپلۆماسی.

ئەگـەر دەوڵەتی خانەخوێ ئاگاداری دەوڵەتی میوانی کردەوە کە دان نانێت بە نوێنەری دیپلۆماسـی و ڕەتی بکاتەوە بەوەی وەک ئەندامی نێردە بە فەرمی بیناسێت، بە گوێرەی برگەی دوو لە مادەی نۆ.

■ مادەی چل و چوار

لەسـەر دەوڵەتـی خانەخوێ پێویسـتە- تەنانەت لە کاتی جەنگیشـدا ئاسانکاری بۆ ئەو کەسانە بکات کە سوودمەندن لە ماف و حەسانەی دیپلۆماسـی- بەجیاوازی لەگەڵ ئـەوەی هاوڵاتی خۆیەتی- هەروەها ئەندامانی خێزانی ئەو کەسـانە، لە کاتێکدا هەڵگری ڕەگەزنامەی هەر وڵاتێک بن، بۆ ئەوەی بە زووترین کات ئەو وڵاتە بەجێ بهێڵن. هەروەها بۆ کەلوپەل و شتە پێویستەکانی ئەو کەسانە و پاشکۆکانیان، خۆیان سەرپشکن لە گواستنەوەیان لەو وڵاتە.

■ مادەی چل و پێنج

لـە کاتـی پچڕاندنـی پەیوەندی دیپلۆماسـی نێـوان وڵاتـی میوان و خانەخوێ، یان لابردنی نێردە بۆ ماوەیەکی کاتی یان هەمیشەیی:

١- لەسەر دەوڵەتی خانەخوێ پێویستە، ڕێز لە نێردە و دام و دەزگانی بگرێت، تەنانەت لە کاتی بوونی ململانێی چەکداری نێوانیاندا.

٢- دەوڵەتی میوان دەتوانێ، بەڵێن بدات بە پاراسـتنی دام و دەزگای نێـردە و ئەو کەلوپەلانەی لـە نێویدایە ، یان بیگوازێتەوە بۆ دەوڵەتی سـێهەم، بەگوێـرەی ڕێککەوتنـی دەوڵەتـی خانەخـوێ و دەوڵەتـی

سێهەم.
٣- دەوڵەتـی میوان دەتوانێ بەگوێرەی ڕێککەوتن بەرژەوەندییەکانی خۆیـی و هاوڵاتیانـی بپارێزێ و بیانگوازێتەوە بۆ دەوڵەتی سـێهەم، بەگوێرەی ڕێککەوتنی دەوڵەتی سێهەم و دەوڵەتی خانەخوێ.

■ مادەی چل و شەش

ئەگــەر دەوڵەتــی خانەخوێ ڕازی بــوو لە ســەر داواکاری دەوڵەتی سێهەم کە نێردەی نییە لە دەوڵەتی خانەخوێ، دەوڵەتی میوان دەتوانێ بـۆ ماوەیەکی کاتی پارێـزگاری لە بەرژەوەندی دەوڵەتی سـێهەم و بەرژوەندی هاوڵاتییەکانی بکات.

■ مادەی چل و حەوت

لەسەر دەوڵەتی باوەڕپێکراو پێویستە، برگەکانی ئەم ڕێککەوتننامەیە جێ بەجێ بکات و، جیاوازی نەکات لە نێوان دەوڵەتەکان.
ئەوەش بە جیاوازی دانانرێ لە مامەڵە کردندا:
- ئەگەر دەوڵەتی خانەخوێ ناڕێکی نواند لە جێ بەجێ کردنی یەکێک لــە برگەکانی ئــەم ڕێککەوتننامەیە، لەبەر ئــەوەی دەوڵەتی میوانیش هەمان مامەڵە لەگەڵ نێردەی ئەو دەکات لە وڵاتی خۆیدا.
- ئەگەر بەگوێرەی ڕێککەوتنی نێوان هەردوو دەوڵەت و ئەو نەریتەی لــە نێوانیاندایــە، مامەڵەیەکی باشــتر بکەن، لەوەی لــە مادەکانی ئەم ڕێککەوتننامەیە دیاری کراوە.

■ مادەی چل و هەشت

ئــەم ڕێککەوتننامەیــە دەمێنێتــەوە ســەر واژوو کردنــی وڵاتانــی ئەندامانی دەســتەی گشــتی نەتــەوە یەکگرتووەکان، یــان یەکێک لە دەســتە تایبەتمەندەکانی دیکە. هەروەهــا هەموو دەوڵەتانی ملکەچ بۆ دادگای دادی نێودەوڵەتــی. هەروەها هەموو دەوڵانی دیکە کە نەتەوە یەکگرتووەکان، داوایان لێ دەکای پەیوەست بن بەم ڕێککەتننامەیەوە. ئەویــش بــەم ڕێگایەیە: واژووکردنــی ڕێککەوتننامەکە لــە وەزارەتی دەرەوەی نەمســای یەکگرتوو، لــە ڕێکەوتی ٣١ی ئۆکتۆبەری ١٩٦١، هەروەهــا بارەگای دەســتەی نەتەوە یەکگرتــووەکان لە نیۆرک هەتا ٣١ی مارسی ١٩٦٢.

■ مادەی چل و نۆ
ئـــەم ڕێککەوتننامەیـــە و بەڵگەنامەکانـــی نـــاوی پەســـەند دەکرێت، بە پەسەندکردنی لە لایەن سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان.
■ مادەی پەنجا
ئـــەم ڕێککەوتننامەیە کراوەیە بۆ پەیوەســـت بوونی ئـــەو وڵاتانەی لە مـــادەی ٤٨ دیاریکراون، دواتر بەڵگەنامەکان پێشکەشـــی ســـکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان، دەکرێ بۆ پەسەندکردن.
■ مادەی پەنجا و یەک
ئـــەم ڕێککەوتننامەیە جێ بەجێ دەکرێ لە دوای تێپەڕینی ســـی ڕۆژ لە پێشکەشـــکردنی بەڵگەنامەی بیســـت و دووەم، بۆ پەسەندکردن یا پەیوەســـت بوون بەم ڕێککەوتننامەیەوە، لە لایەن ســـکرتێری گشـــتی نەتەوە یەکگرتووەکان.
سەبارەت بەو دەوڵەتانەی ئەم ڕێککەوتننامەیان پەسەند کردووە، یان دوای پێشکەشـــکردنی بەڵگەنامەی بیست و دووەم، بۆ پەسەندکردنی لە لایەن ســـکرتێری گشـــتی نەتەوە یەکگرتووەکان، پێوەی پەیوەست دەبـــن، ڕێککەوتننامەکە دەخرێتە بواری جێ بەجێ کردنەوە لە ڕۆژی ســـیهەمی پێشکەشـــکردنی دەوڵەتەکە بۆ پەســـەندکردن و پەیوەست بوون بە ڕێککەوتننامەکەوە.
■ مادەی پەنجا و دوو
سکرتێری نەتەوە یەکگرتووەکان، هەموو وڵاتانی دیاریکراو لە مادەی ٤٨ ئاگادار دەکاتەوە بۆ:
واژووکـــردن لەســـەر ئـــەم ڕێککەوتنامەیـــە و، پێشکەشـــکردنی پێویســـتییەکانی پەســـەندکردن و بەڵگەنامـــە بۆ پەیوەســـت بوون بە ڕێککەوتننامەکـــەوە، بەگوێـــرەی ئەوەی لە مادەکانـــی ٤٨ و ٤٩ و ٥٠ دا هاتووە.
ڕێکەوتـــی کارکردن بـــەم ڕێککەوتننامەیەوە بەگوێـــرەی ئەو ڕێکەوتە دەبێـــت کـــە لە مـــادەی ٥١ دیاریکراوە، هەروەها کۆپی ڕەســـەنی ئەم ڕێککەوتننامەیە بە زمانەکانی (ئینگلیزی، چینی، ئیســـپانی، فەرەنســـی، ڕووسی) نووسراوە و بە فەرمی دەناسرێت. سکرتێری گشتی نەتەوە

یەکگرتــووەکان کۆپییەکی فەرمی بــۆ هەموو وڵاتانی ئاماژە پێ کراو لە مادەی ٤٨ دەنێرێت.
هەروەها دڵنیــا ببێت لەوەی- نوێنەرانی رێگەپێــدراوی حکومەتەکان واژووی ئــەم رێککەوتننامەیــە بکــەن، لە ڤییەننا، لــە رۆژی هەژدەی ئەپڕیلی ١٩٦١.

# هەڤاڵ نەژاد

- لە دایک بووی ١٤-٢-١٩٨٩
- دەرچووی کۆلیژی یاسا و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان- بەشی یاسایە
- لە تەمەنی ١٣ ساڵییەوە دەستی بە نووسین کردووە. لە چەندین رۆژنامە و گۆڤار و ماڵپەڕ وەک رۆژنامەوان و دەستەی نووسەران کاری کردووە. هەروەها بەشداری چەند کۆرسێکی رۆژنامەوانی کردووە.
- نزیکەی ٥ ساڵە لە رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی، وەک چالاکێک کار دەکات.
- دەستەی دامەزرێنەری ناوەندی ئایندە بۆ پرسەکانی گەنج- بووە لە کاتی تۆمارکردنی وەک رێکخراو و بەرپرسی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکانی ئەو ڕێکخراوە بووە.
- بەشداری چەندین خول و سەتان ۆرکشۆپی کردووە لە بارەی مافەکانی مرۆڤ و گەنجی سەرکردە و چۆنێتیەتی کارکردن لە رێکخراوەکاندا، چەندین بڕوانامەی لە ڕێکخراوە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان وەرگرتووە.

بۆ پەیوەندی کردن:
ئیمەیڵ: HAVAL_ZAGROS@YAHOO.COM
ماڵپەڕ: WWW.HEVALNAME.BLOGSPOT.COM
فەیسبووک: HAVAL.NAZHAD1

# *An Introduction to Diplomacy*

Haval Nazhad

Kurdistan 2012